ژمارەی ١ **هانا** نوامبەری ١٩٩٥

## ناوەروک


١_ سه رووتار \ سه رنووسه ر \ سلیمان قاسمیانی........................................ ٢

٢_ سه رنجیک له سه ر جوانی ناسی له ئه ده بیاتی کوردی دا \ ریبوار ................................. ٣

٣_ ئازادی و داهینان \ ئاسو ........................................................................ ٨

٤_ پالاوتنی زمان له ووشه ی دژی ئینسانی \ سلیمان قاسمیانی ........................ ١١

٥_ چاوپیداخشانیک به سه ر فیلمی "لیسته ی شیندلیر" \ نووسینی: بهروز یاور ........................ ١٥

٦_ شیعر: ریبوار \ ب . سولین \ سلیمان قاسمیانی (کاکه) \ ئاسو \ ئه حمه د بازگر ........ ١٩

٧_ ته رح و گرافیک \ ویدا عزت پور ........................................................ ٣٣

٨_ ئافره ت له خالی سیفر دا \ نوال سعداوی \ ته رجه مه: شنه عبدالله ............................ ٣٤

٩_ خوشکه کان \ کولونتای \ یوسف ئه حمه د ........................................................ ٣٦

١٠_ به شیک له رومانی سارا \ عه لی کیتابی ........................................................ ٤٤

١١_ یادی عه زیز نه سین \ سلیمان قاسمانی (کاکه) ........................................................ ٤٩

١٢_ چیروکی ژیانم \ عه زیز نه سین \ ته رجه مه: کاکه ........................................................ ٥٠

١٣_ به رهه می تازه ........................................................................ ٥٥


***

# سەرووتار:

سەرنووسەر

ئازیزان :

ئەمە یەکەمین ژمارەی «هانا»یە لە بەردەستان دا. کاتی کە منداڵێک لە دایک دەبێت، سەرەتا پێ دەگرێ و دواتریش زمانی دەپشکوێ. بەڵام هاناکەی ئێمە زمانی پشکووتووە و هەول دەدا قایمتر ڕاوەستێ. پەیامێک کە «هانا» لە بەردەم خۆی دایناوە، نوێ نیە؛ بەڵکوو درێژەدەر و تەواوکەری پەیامی ئەو ئەدەبیاتە پیشرەوەیە کە لە هەموو سووچەکانی ئەم جیهانەدا لە ئارا دایە، بە رەنگ و بون و زمانی تایبەتی خویەوە. تەنیا تایبەتمەندی «هانا» لەو بارەوە بە کوردی دوانیەتی.

«هانا» مەلیکی شەیدای ئازادی‌یە؛ ئازادی‌یەک کە سنوور هەلناگری؛ کە دیواری نەتەوەیی و فەرهەنگی و ئایینی دلی هەلدەشیوینن و مل بو هیچ دەسەلاتیکی مروڤ‌کوژ کەچ ناکا. «هانا» مەشخەلی خوشەویستی‌یە لە تاریکەسەلاتی دەسەلاتی بی بەزەیی بازار و پارە دا؛ خوشەویستی‌یەک کە پەپوولە ناداتە بەر ئاگری موم و فرمیسکی بولبول بە سەر گیانی گول دا هەلناوەرینی؛ خوشەویستی‌یەک کە دلی بە قەرای تەواوی گەردوون گەورەیە و ئازاری مروڤ لە هەر گوشەیەکی ئەم خاکەدا تەزوو بە گیانی دا دینی.

«هانا» تەواوی ئەم دنیا بەرینە بە هی خوی دەزانی و بە قەرای پووشیک لە خواکانی گەورە و بچووکی داگیرکەری خیر و خوشی گشتی مروڤ شەرم ناکا. «هانا» پیکەنینی بو گشت لیویک دەوی و نان بو گشت سفرەیەک. «هانا» کورپەی فەرهەنگی پیشرەوی ئینسانی سەدەی تکنیک و رووباتە. دوژمنی قەسدە سەری هەموو چەشنە کونپەرستیەکە و لە میژوو داریژەرەکانی ساختەچی قیزی دیتەوە و لە بوگەنی دەمی ر ەگەزپەرستی بیزارە.

بە کورتی پەیامی «هانا» گۆرانی چڕینە بۆ ژیان. جا ئەو گۆرانیە تەنها ئاواتێکی یەک شەوەی منالێکی سەر جادەکانی بەرازیل بێت بۆ سەرخەوێکی کورتی تا بەربەیان، تا هیچ نەبێ جارێکی‌تر شەقامەکە ببینێتەوە؛ یان گۆرانی ئاشقانی ژێر ئاسمانەکانی قەدەغەن کە خوازیاری ئەشقێکی بێ کۆت و بەندن. گۆرانیەک کە تیای‌دا ئینسان تەوەرە و هەموو وشەکانیش لە دەوری ئەو تەوەرە هەلدەسوڕێن. هەلبەت هەموو ئینسانێکیش نا!! ئاخر هەر لە نەسڵی ئینسانیش صدام هەیە، جۆرج بووش هەیە و بە بەرگی خۆماڵیشەوە چەندەها ناو.

ئێمە دڵنیاین لەو ستران بێژانەمان زۆرن!! ئازیزان: بڵندگۆکانی هانا، چاوەڕێی دەنگ هەلبڕینی ئێوەن.

***

# سەرنجێک لە سەر جوانی‌ناسی لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا

ریبوار

"بەهارە زەوقی بە عیلاتە، بایە ئاو و هەوا"

مەحوی

۱

سەرەتا

مەبەست لیکولینەوەی جوانناسي بە گشتي نيە. مە بە ست ليكولينە وە يە كى كورت و دامە رزاندنى باسيكە لە سە ر جوانى ناسى نوێ لە شيعرى كورديدا. كە دە ليم دامە رزاندن مە بە ستم ئە وە يە ئە م باسە پيويستي بە ليكولينە وە ى زياترە. ئەوەی لە من بووبی تیکوشاوم دامەرزاندنەکە لە سەریکی عیلمی (ماتریالیستي تاريخي)يەوە بێ و ریگای ليكولينە وە ى دوايى هە موار كردبێ.

حوکمەکان :

۱. جوانی‌ناسی بەشەر هە میشە لە ئال و گوڕدا بووە.

۲. ئەم ئال وگوڕە بو ناسین دەبی و بە گویرەی ماتریالیسمی تاریخی لیکدانەوە هەلدەگری.

۳. ئەم ئال وگوڕە هەتا هاتووە، بە تایبەت لە دەورانی سەرمایەداری و سەدەی بیستەمدا؛ رەوتیکی خیراتری بووە.

۴. شیعر و هونەر بە کوردیش، وەک باقی‌تر، تووشیاری ئەم ئال وگورە بووە.

۵. لە مەیدانی شیعردا، گوران، لەم بابەتە شەوە هەنگاویکی بەرزی ناوە گەرچی وا دیارە خوی ئاگاداری نیە.

۶. جوانی‌ناسی چینایەتی قسەیەکی موعتەبەرە.

۷. لە هەر دەورانیکدا، جوانی‌ناسی چینی حاکم دەبیتە جوانی‌ناسی کومەل.

۸. جوانی‌ناسی‌یەک کە لە سەدەی بیستەمدا بە سەر ئەدەبی کوردیدا زال بووە دەکری لە زەوقی جووتیارانە، یان ناسیونالیستی دا ببینیتەوە.

۹. جوانی‌ناسی نوی، یان بلیین کارگەرانە و سوسیالیستی، لانی کەم لە هونەری کوردیدا، کەم باس کراوە.

۱۰. ئەم حوکمانە هەموو، جیگای باس و لیکولینەوە و ـدیارەـ گوڕینیشن.

۱۱. ئەمانە پیکەوە ـ نەک بە جیا جیا ـ ئەو نیگارە رەنگاورەنگە پیک دینن کە واقیعییەتی زیندووی ئەدەب و هونەری کومەل بنویننەوە.

۱۲. ناسینەوەی جوانی‌ناسی نوی و ریگرەکانی و هاندەرەکانی ریگای ئاژوانی هونەر و جوانی خوشتر دەکا.

ئەم حوکمانەی سەرەوە، هەر تەنیا بو ئەوە هاتوون کە باسەکە بە روشنی **دەست پی بکری**. لەوانەیە لە جەرەیانی باسەکەدا، یان پاش لیکولینەوە و رەخنەگرتنی بەشداربووانی‌تر بگوڕدرین، یان بە شیوەیەکی‌تر بەیان بکرین.

۲

ئای شل، شل وەل؛ شل و شێواوی

ئەڵێی نۆبووکی زاوا لێی داوی !

بلیی بووکەکەش ئەم شیعرەی پی جوان بی؟

هەوڵنامەی کتێب

**توبووکیک کە زاوا لیی دابی**، رەنگە لای هەندیک پیاو (یان ژن) ی پیاوسالار نیشانەی پیاوەتی پیاو و زەلیلی ژن بی و هەر بویەش "خوش" بی. بەلام پیاو (یان ژن) ی مودیرن و شارستانی، شتی وا ببیستی، مووچرکی پیدا دی و ئەگەریش ببینی، ره نگە  شەر لە گەل زاوای تاوانبار بکا؛ یان بیدا بە دەست پولیسەوە! (دیارە لە شوینی وەکوو ئیران و ئەفغانستان، پولیس نەک هەر زاوا تاوانبار ناکا، لەوانەیە خەلاتیشی بکا). ئەی چون هەر ئەم شیعرەمان بە دەنگی خوشی "خالقی" دەرخوارد دەدەن و لەوانەشە بە خومان نەزانین و پیمان خوش بی؟!

رەنگە هەر ئەم نموونەیە بەس بی بو ئەوەی خوینەر خوی بیر لە نموونەیتریش بکاتەوە و بوی روون بیتەوە کە چلون لەززەت بردن و بە جوان زانینی بەرهەمی هونەری لای هەموان یەکسان و یەکجور نیە. مەبەستیشم لیرا **سەلیقەی شەخسی** نیە کە دیارە ئەویش دەکری پیی بلیی جوراوجور. لیرا من بە تەمام لە جوراوجور بوونی زەوق و سەلیقەکان بکولمەوە و جوراوجور بوونی **کومەلایەتی** سەلیقە و زەوقەکان بخەمە بەر روشنایی.

ـ "پلەخانوف" لە نووسراویکی خویدا، شیعریک لە دەنگبیژی بە ناوبانگی سەدەی ۱۲ بە ناوی Bertrand de Bornدینیتەوە کە ئاوایە:

"بە لای منەوە
ڕاکردن و بەزینی ئینسانەکان...
لە بەر دەستی ئەو شەڕکەرانەی کە تەقلەکوت بە شوێنیانەوەن
خوشە ....
نە خواردن، نە خواردنەوە، نە خەوتن، هیچکامیان
بە قەدەر دیتنی ئە و لەشە کون کون کراوانە
خوشیم پیّ ناگەیەنن

«پلەخانوف» پاشان دەنووسی، شیعریکی لەم چەشنە تە نیا دەرەبەگ و خاوەن شکوکان دینیتە سەر کەیف. ئەگینا ناشی بو جووتیاران و ئەو "ئینسانانە" کە ناچاربوون "لە بەردەستی ئە و شەڕکەرانەی کە تەقلەکوت بە شوینیانەوەن" ببەزن، لەززەتیکی تیدا بووبی!

ـ هەر تاجر وکاسبکار و تەنانەت هەر وردەواڵە فروشیک نەزانی سەلیقەی مشتەرییەکانی چونە کوتالی لی دەبیتە کەلە گا و بوی نافروشری. دیاریشە نایەن بو هەزاران سەلیقە و، بە ژمارەی مشتەرییەکانیان کوتالی جوراوجور بینن. ئەگەر پارچەی لیباس بو ژنی جووتیار و عەشایەر دینی، رەنگی سوور و سەوزی زەق هەلدەبژیری. بەلام بو ژنی شارستانی، لە تەرکیبی رەنگ و نەخش و نیگاردا، سەلیقەیەکی شارستانی لە بەرچاو دەگری. ئەو جەنابانەی خویان هیندە بە موخلیسی شیعر و هونەر دەزانن کە کراسی تەبەرروک بە بەریدا دەکەن و دەلین هونەر و جوانی باسی زەوق و سەلیقەیە و ناسین هەلناگری، ئەبی لەو کاسبکارانەوە فیر بن.

ـ هەر وەک سەیر نیە لە کومەلگای قەدیمدا کە کشت وکال سەرچاوەی ژینیان بووە، ئینسانەکان خویان لە نیو رەنگی زەقی گول وگیا دا پی جوان یووبی، سەیریش نیە ئەگەر لە کومەلگای سەنعەتیدا ئەوە بە سەلیقەیەکی کون و قەدیمی بناسری.

هەواڵنامەی کتێب

ـ ئیتر رەنگە دریژەی پی نەوی کە سەلیقە و جوانیناسی (بەو بونەشەوە هونەر) بە گویرەی ژیانی مادی ئینسانەکان شکل دەگری و دەگوڕی : هەر لە گورانی گوتنی خیلەکانی ئەوسترالیاوە بە کانگورو دا، کە خواردن و خوراکی ئەسلییانی لی دابین دەکەن؛ هەتا سرووده میللییەکان، کە سەرمایەداران خولی پی دەکەنە چاوی کارگەرانەوە و، بە مال لەیەک بوونی میللی سەرمایەی خویان لە دەسرەنجی ئەوان زیاتر وزیاتر کوما دەکەن، هونەر و بابەتی هونەرییش خزمەتی بە بەرژەوەندی ماددی ئینسانەکان کردوە و، لەو کاتەشەوە کە کومەل چینایەتییە، خزمەتی بە چینێک کردوە لە دژی چینیکیتر.

**٣**

مەمکێکت نارنج، یەکێکت لیموُ،
کامیان هەلگرم؟ کامیان کەم بە بوُ؟

چواندن و تەشبیە کردنی جوانی ئینسان بە گول و گیا و میوە لە ژینی کومەلگای کشت وکالی دەوەشیتەوە کە زور بەستراوە بە سروشت و گیا و گولەوە. دیارە ئەم چیژ و زەوقە لە ژیانی شارستانیشدا وەک یادگاریکی کون دەمینی بەلام لە هەمان کاتدا چیژیکی تازەش سەری هەلداوە کە مورکی ژیانی سەنعەتی و شارستانی پیوەیە و لە هونەری کوندا بە دەگمەن بیندراوە؛ ئەویش، دانانی ئینسانە بە پیوانەی جوانی.

کام ئەستیرەی گەش، کام گوٌلی کێوی
جوانە وەک کوٌلمی، لاجانگی، لێوی؟ ...

گەلیک لەم چواندنانە، کە بە ئاشکرا جوانییەکانی ئینسان لە جوانییە کانی سروشت بە بالاتر دادەنی، لە شیعرەکانی گوران دا هەن:

... لە شنەی بای شەو رەوانتر
لە لەرەی پرٌشنگ، ئاوازە،
لە خوژەی ئاو، شیعری تازە
بە ئاهەنگتر، بە خروٌشتر،
بە گوێچکەی دل دەنگی خوٌشتر،
پێی ناز ئەنێ بە سەر ئەرزا
جواني لە بەژێکی بەرزا.

یان :

شیعری کە وەک ساوا نازار و جوان بیٌ ...

یان :

ئەی موٌسکوٌ ئەی ژنی جوانی سپی پوٌش ...

یان :

باکوٌی کچی لە سەر دەریاچەی قەزوین
شانە ئەدا لە قژی زەردی خاوێن ...

یان :

هەواڵنامەی کتێب

ریزێک نەمامی دارچواڵەی نازدار
کە، ڕێک وەستابوون لە سەر گیای بەهار
وەک بووک ئەندامیان لە سووراو نابوو...

یان تەنانەت هەڵاواردنی جوانی زەوق و دەروون لە چاو جوانی ڕواڵەت؛ کاتیک دەڵێ:

زۆر قژی زەرد سەرنجی ڕاکیشاوم
زور چاوی شین داویە پرشنگ لە چاوم
...
بەڵام ئەوەی لێی وروژاندم هەستم
ئەو کتێبی شیعرەیە داتە دەستم
گران هەتا دوا هەناسەی ژیانم
لە بیرم چی ئەو جوانەی دای نیشانم
دیوانەکەی "برونس" کە نەغمەی شیعری
ئەڵێی کچە پێ ئەکەنێ، یان ئەگری.

دیوانەکەی گوران هیندەی لەمانە تیدایە کە هەر لە بەر برینەوە لە کورتی دەست بەرداری باقیتر ئەبم و دیمەوە سەر باسەکە:

- **چواندنی جوانی بە ئینسان و شتی ئینسانی**، ئەمەیە ئەو بابەتە کە دەمانەوی لەم باسەدا بیخەینە بەر ڕوشنایی! ئەم چیژە بە لای منەوە بە ئاشکرا فەرقی هەیە لە گەل **چواندنی جوانی بە سروشت!**

چیژی ڕوو لە ئینسان بە ڕای من چیژیکی تازەیە کە لە کومەلگای کشت وکالی (پیش سەرمایەداری) دا نەیدەتوانی بالا بکا؛ بەلکوو ئەوە چیژی ڕوو لە سروشت بوو کە بە بونەی گرێدراو بوونی ژیانی ماددی کومەل بە سروشتە وە، ڕولی ئەسلی هەبووە و هەتا ئیستاش ـ لانی کەم لە هونەر بە کوردیدا ـ وەک چیژیکی نورمال ناسراوە. لە کومەلگای سەرمایەداری دا، کە کاری ئینسان، ئاشکراتر لە هەمیشە وەک سەرچاوەی ئەسلی بژیوی کومەل دەناسری و، تەنانەت کشت و کالیش، بە بونەی بالا کردنی سەنعەتەوە، لە ئەسارەتی سروشت ڕزگار دەبی، ئیتر سروشت ناتوانی وەک جاران دیاریکەری ژیانی ماددی و بژیوی بەشەر و هەروەها چیژی هونەریش بی. ئەمجار ئەوەی خاوەنی سەرچاوەی ئەسلی بژیوە، کە خودی ئینسان بی، لە هەموو کاتیکی پیشوو بە ریزتر و خوشەویستتر، دەبیتە سەرچاوە بو چیژی هونەریش. دیارە، هەر بەو بونەشەوە کە کوردەواری تاقە شوینی سەرمایەداری جیهان نیە، ئەم باسەش تایبەت بە زمانی کوردی و هونەر بە کوردی نیە و لە گەلیک شوینیتری ئەم جیهانە، باسەکە قەدیمتریشە. کاتیک «گورکی» دەلی جوتیار گیرودەی سروشتە بەلام کارگەر سروشتی خوش دەوی و «لوناچارسکی» لیی زیاد دەکا کە جووتیار وەک بەندیەکی سروشت پییدا هەل دەلی بەلام کارگەر سروشتی دەستەمو کردووە، بە بڕوای من هەر ئەم باسە دەکەن. بە هیوام لە مەجالیتر دا مەسەلەکە لە پانایی جیهانیشدا باس بکەین بەلام ئیستا با باری خومان زور قورس نەکردبی.

حەقە لیرە دا کەسیک بپرسی لە کەیەوە سەرمایەداری بوو بە مەجالیک بو ریز و خوشەویستی ئینسان؟! لە کەیەوە سەرمایەداری، خاوەنی بومبای شیمیایی و ئەتومی، بوو بە ریزگری ئینسان؟! بە ناونیشانی بیکاری و لە

هەواڵنامەی کتێب

برسا مردنی ملیونی و قات و قڕی هەمە لایەنە و تەنانەت چوونە قاتی ئوکسیژین و کەوتنە مەترسی خودی ژیان و مانەوەی حەیات لە کورەی زەوی دا، سەرمایەداری لانکیکی میهرەبان نیە بو هیچ کورپەیەک و نە بو کورپەی هونەریش.

بەلام ئەگەر من پیم وابی پیش سەرمایەداری بە بونەی داماوتر بوونی ئینسان لە دەستی سروشتدا نەدەکرا چیژی روو لە سروشت بگوڕی بە چیژی روو لە ئینسان، دەقا ودەق ناکاتە ئەوەی کورپەی هونەر بنیمە کوشی سەرمایەداری. لە کومەلی سەرمایەداری‌دا بیجگە لە چینی سەرمایەدار، کە زەرووی کومەلە، چینیکی تریش هەیە کە خاوەنی راستەقینەی سەرچاوەکەیە و ناوی چینی کریکارە. ئەو چیژە هونەرییە کە ڕ مەنگدانەوەی چیژی ئەم چینەیە پیش پیکهاتنی کومەلگای سەرمایەداری بالا ناکا. بەلام لەم نیزامە دا دەست دەکا بە کار کردنە سەر هونەرمەندان و بە خولقاندنی بەرهەمی هونەری و پیکهینانی مەکتەبی هونەری. (رەنگە من لیرە سەر کونە بکریم کە بازم داوە بە سەر چیژی ئەسلی هونەری کومەلی سەرمایەداری دا و باسی ململانی ودەرهینانی چاوی یەکترم نەکردوە کە ـ ئەخلاقی باوی ئەم کومەلگایەیە و ـ بە ناچار، کار دەکاتە سەر چیژە هونەرییەکەشی. با ئەم بازەشمان دابی و جاری هەر باسی چیژی روو لە ئینسانمان کردبی بزانین دوایی چلون دیینەوە سەر ئەمەش.)

ئیمە یەکەمین سەوداسەرانی ئەم ریبازە نین و هەر کەسیش ریبواری ئەم ریبازە بووبی بەو مەعنایە نیە کە چیژیکی ئینسان‌پەروەر و زەلالی هەبووە. ریئالیسمی سوسیالیستی وەبیر هینەرەوەی هەول و تەقەللایەکە؛ هەر چەند، بە ڕای من و زور کەسی‌تر، سەرکەوتوو نەبووە. هەروەها گەلیک کوششی‌تر بە ناوی هونەری کارگەری و فەرهەنگی پرولیتیری و شتی وا، هاتوونە کایەوە کە هیچ نەبووبی نیشانەی حوزوور و هەبوونی چینیکی کومەلایەتی بە هیزە کە لە مەیدانی هونەر دا چیژ و بوچوونی تازە دەخوازی. هەر ئەم نموونانەی لە «گوران» هینامانەوە خویان نیشانەیەکی ئاشکران لە بالاکردنی ئەم چیژە لە شیعری کوردی دا. گەرچی ئەوەش راستە کە «گوران» گەلیک شیعریشی هەن کە هیچی بە سەر ئەم باسەوە نیە! موددەعی، هیچ نەبی، دەتوانی بلی کە «گوران» خوی ئاگاداری ئەم داهینانەی خوی نەبووە! ئەوەی کە «گوران» خوی چەندە لە رەوتیکی سوسیالیستی نزیک بووە یان چەندە خوی بە قەرزداری کارگەر زانیوە، یا خود چەندە لە روانگەی ناسیونالیستی‌یەوە تەماشای دنیای کردووە، باسی ئەم مەجالە نیە. لیرە، نەک کولینەوە لە «گوران» ، بەلکوو باسکردنی چیژی جوانی‌ناسی روو لە ئینسان لە شیعری کوردیدا مەبەست بووە.

۴

چەند دە سالیکە «گوران» نەماوە و، بە نیوبانگترین شاعیرانی کوردی بیژ، لە ماو و لە مردوو، لەم ماوەیەدا ژیاون و شیعریان داناوە بەلام نە «هەژار» و نە «هیمن» و نە «شیرکو» و نە هیچکامی‌تر لە هەرە بە نیوبانگەکان، نەک ئەم ئەرکەیان بەرە و پیش نەبرد؛ بەلکوو، بە ڕای من بەرەو دواش چوون! جوانی‌ناسی شاعیرانی دوای «گوران» تا رادەیەکی بەرچاو گەڕایەوە بو سروشت پەرستی‌یەکی شەیدایانە و نەک هەر لە دواکەوتوویی جووتیارانە دەرچوو بەلکوو ریک و راست بوو بە خاکپەرستی‌یەک کە، بە ئاشکرا نەک بە رەمز و ئیشارە، ئینسان دەنیتە پیناوی خاک و ئاو و بی شەرم و شکو ناسیونالیسم ودژایەتی لە گەل ئینسان بانگەواز دەکا! رەنگە لیرەوە بچینەوە سەر ئەو باسەی کە پیشتر بازم دا بە سەریدا...

دریژەی هەیە...

***

# ئازادی و داهێنان

ئاسو

لە ژێر ئاسمانی ئازادی کوردستان دا، گەلێک داهێنانی نوی، دەکەونە سەر لاپەرەکانی مێژوو. گەلێک نیشانەی پرسیار دەچنە پاش زۆر ڕستە، کە چەندین ساڵە ئەدەبی کوردی، زمانی کوردی، دەقی پێوە گرتووە و گۆڕینیان بە ئەفسانە لە قەڵەم دەدرا.

پاڵەوانی زۆرێک لە چیرۆکەکان، ناتوانرێ جارێکیتر زیندوو بکرێنەوە و وەک جاران خۆیان نیشانی خوێنەربدەن. تۆ بڵێی ئەو کاروانی ئەنفالانەی کە خۆرەتاویش نەیزانی بەرە و کوێ ڕاپێچ کران؛ ئەگەر ئەمرۆ خۆیان بگەێیننەوە کوردستان چی بکەن؟!

من دڵنیام، هەر یەکە و دوا وەچەی خۆی دەگرێتە باوەش و دەیباتەوە بۆ مەڵبەندی ئەنفالئاوا؛ تا هیچ نەبێ لە ژێر ئەنفالی برسێتی و شەڕ دا، بە بەرچاوی خۆرەتاوەوە بێ ناونیشان نەمرن. ئەگەر کەسێک ئەمڕو بیەوێ، فەرهەنگێکی تازە بو زمانی کوردی بنووسێت؛ چۆن دەتوانێ ووشەی پێشمەرگە هەر وا بە ئاسانی و بەو پێناسەیەی دوێنێیەوە، بئاخنێتە دوو توێی فەرهەنگەکەی!

مەگەر ئەوە نیە، بە بەرچاوی کاکی فەرهەنگ نووسیشەوە، چۆن پێشمەرگە، مەرگی پێش خۆی داوە تا بیکاتە دیاری کۆمەڵانی خەڵکی. ئەوەتانێ، پەڵەیەک هەور بە ئاسمانەوە نیە و کەچی شەقام و گەڕەکی شارەکانی کوردستان، لە ژێر تۆپ باران دا، خوێن لە سەر شۆستە و ناوماڵەکانیدا چۆڕاوگەی بەستووە و گوڕستانەکان ئاوەدان و شارەکانیش چۆڵتر بوون.

برادەرێکم نامەی بۆ نووسی بووم. داوای کردبوو لە سەر ڕاسیزمی نویی ئەوروپا چەند دێریکی بو بنووسم. ئەوەی چاوەروانم نەدەکرد ئەوە بوو. سەیرم لێهات، تو بڵێی ئەو برادەرەم، لە گەڵ ئەو هەموو زانیاریانەی کە سەبارەت بە راسیزمی نوێ لە کوردستاندا دەست دەکەوێت، دەیەوێ چیتر بزانی؟! لە کاتێکدا تاکە جیاوازیەک کە لە نێوان راسیزمی ئەوروپا و راسیزمی کوردستان دا هەیە، تەنها یەک شتە. ئەویش ئەوەیە: ئەمانەی ئەوروپا، هەتا دوێنێ ڕقیان لە هەموو ڕەنگێک دەبوویەوە. بەڵام ئەمرۆ لە رووکەش دا خۆیان بە دوژمنی ئەو کەسانە دەزانن کە پێستیان یان قژیان ڕەشە. ئیتر چەند گۆرانی رەنگاورەنگ لە مێشکیاندا باڵەفرێیەتی..( ؟!) ئەوە بۆ ئەوان جیی باس نیە. دەکرێ لە نیوەڕۆیەکدا، یان لە نیوەشەوێکدا ماڵەکەت گڕ تیبەردەن و قرچەی گۆرانیەکانی ناو مێشکت بیان خاتە قاقای پێکەنین.

بەڵام راسیستەکانی کوردستان شەیدای ڕەنگی ڕەشن. ووتەکانیان، شیعرەکانیان، خەونەکانیان، هەمووی ڕەشن. ئەوان هیچ دژایەتیەکیان لە گەڵ ئەو رەنگە دا نیە. کەچی ڕقی هەرە گەورەیان لە رەنگی سەوز و زەرد و هەموو رەنگەکانیترە. دەکرێ نیوە شەوێک ماڵێک بە زرمەی نارنجۆک گڕ تیبەردرێت، هەر لە بەر ئەوەی دەرگاکەیان زەردە، یان پاییزە و سنەوبەری ماڵەکەیان، لە بەر پرووشەی باران دا، سەوزتر دەنوێنی.

خانووی هەندێک لە شار و شارۆچکەکانی کوردستان لە گڵ دروست کراوە. یان لە زۆر جێگا دا خانوویەک نەماوە کە بە پێوە ڕاوەستابێ؛ یان پەنجەرە کاری دەرگا دەکات و گرنگ نیە لە کامیانەوە دەچیتە ژوور. لە ژێر ئاسمانی ئازادی دا، ئەو خانووانە تاڵە تیشکێکیان بەر نەکەوت و بگرە لە تەنیشت خۆیانەوە، خانووی تەنەکە و ووشکە کەڵەک سەری هەڵدا. یانی ئەو ئارەزووەشیان لێ سەندرایەوە، کە خۆزگە بە دراوسێکەشیان بخوازن.

هەواڵنامەی گێتر

حامیەی سلێمانی، یەکێکە لەو شوێنانەی کە مەینەتئاوای تازە ئاوەدان کراوەی کوردستانە. ناوێکە و لە ژێر لیستی ناوەکانی وەک شۆڕیجەی کەرکوک و شۆڕشی چەمچەماڵ و مەجبوور ئاوای سنە و وڵووبە و خانووە قوڕەکانی سلێمانییەوە ڕیز دەکرێت. ئەو ماڵانەی کە هەر یەکەیان ڕۆمانێکە؛ کەچی سەیر لەوە دایە، نووسەرانی کورد لە زۆربەی ووتارەکانیاندا، گلەیی لە نەبوونی ڕۆمان دەکەن لە ئەدەبی کوردیدا.

کاتێک کەسێک بە لای خانووە تەنەکەکانی حامیەی سلێمانیدا تیدەپەڕێت؛ چیرۆکێکی زۆر کورت، شیعرێکی لە کێش و سەروا یاخی، لە سەر یەکەمین دیواری تەنەکەی ماڵەکانەوە، تا دوایین دیواری تەنەکە دەبینێ و دەتوانێ ئەم وشانە بخوێنێتەوە:

ئایا ئێمە ئەو ژێر لەوحانەمان پێ باشە؟! ئایا ئێمە پێمان باشە ئەو حضارەتەی کە حکومەتی هەرێم بە ناوی ئەوەوە ئیدانەی کەرامەتی ئێمە دەکا، لەو دیو دەرگاکانمانەوە بێت؟ بێگومان نەء. دەی کەواتە ئێمە لە ناو خانووە قوڕانەدا، لە گەڵ مار و ئەسپیدا چی دەکەین؟ گەر حەقیقەت بایی یەک میلیگرام لە ژیانی سەرانی حکومەتی هەرێمدا ماوە، با بێن خۆیان واتەنی لە نزیکەوە سەرنجەکانمان لە بێژەنگی واقعی بدەین. با بێن بپرسین ئایا ژیان لای ئێمە، ژیانی گایە یان ئینسان؟ ئەمە ڕاستە، ئێمە ئەم ژیانەی خۆشمان بە شایستەی خۆمان نازانین. بەلام چیبکەین؟ ناچارین پێی قایل بین، ئەی کە ناچارین بەو ژیانە قایل بین، وەک هێشتا بیر لە گۆڕینی ئەو ژیانە قوڕینەمان ناکەنەوە بە ژیانێکی وەک خۆیان (گوڵین)، بۆ هێندەشمان پێ ڕەوا نابینن؟ دەی باشە با کام مەسئولی شازی حکومەت و( فەقیردۆست) لە خۆی ڕادەبینێ ئێمە بە مەرجێ حامیەی بۆ چۆل دەکەین؛ با بێ تەنها یەک هەفتە ئەویش تەنها دەوامەکەی لە ژێر ئەو لەوحە تەنەکانەی ئێمەدا بکات، نەک خەو وخۆراک. من دڵنیام هەر لە ڕۆژانی یەکەمەوە استقالە دەدات بە حیزبەکەی خۆی.

ئەم وشانە لە زاری شاعیرێکەوە دەرچوو؛ کە خۆی بە قەڵەمی ئەو نیشتمانە نەدەزانی، کە پۆلیسەکانی، خۆشەویستی و شیعرەکانی بدەنە بەر لیس و تفبارانی بکەن. بەلام دواتریش هەر پۆلیس کوشتی. ئەمەش داهێنانێکیتری ژێر ئاسمانی ئازادی بوو! کوشتنی ئەو قەڵەمانەی کە دەیانەوێ خەونە جۆراوجۆرەکانی ناو ماڵە تەنەکەکان بۆ کەسانیتر بگێڕنەوە، نەکا لە نیوەڕۆیەکی پایزدا تەنەکەکانیان بە سەردا بڕوخێنن و لە بەرکزەی سەرمادا خەونەکانیان ڕەق ببنەوە. گواستنەوەی ئەو وشانەی کە تەنها دیوی ناوەوەی تەنەکەکان دەیبیستن، نەک بۆ سەر کاغەز، بەڵکە بۆ ڕووی دەرەوەی تەنەکەکان. بەڵام «بەکر» خۆی داهێنانێکیتر بوو. داهێنانێک، کە لە ژێر ئاسمانی ئازادی کوردستان دا پێناسە ناکرێت. داهێنانێک کە لە بەرانبەر داهێنانی دەستگا سەرکوتگەرەکاندا ناتەبایە و بگرە دژیشیەتی.

«بەکر» بە چاوی ئازادیەکیترەوە لە ئازادی ژێر ئاسمانی کوردستانی دەڕوانی. ئەو دەیزانی ئەو ئازادیە لە بەرانبەر خانووە کورتە بالاکان و دەستانی ماندووی سەر سکە برسیەکاندا کوێر و کەرە. بۆیە بە دوای ئازادیەکیترەوە بوو کە لە ژێر سایەی دا، پەنجەرەکان ببنەوە بە پەنجەرە و دەرگاکان زەردەخەنەیان پیا تێپەڕێت و سفرەکانیش ڕەنگا و ڕەنگ بن.

«بەکرعلی» سەرەتای مەرگی قوناغێکیترە. قوناغێک کە کوردستان بە خاکی گەوهەر و ڕوبارەکانی بە سەرچاوەی کەوسەر ناو دەبات. داهێنانی بەکر لێرەوە بوو؛ تێکدانی ئەو هاوکێشەیەی کە چەندین ساڵە شیعری کوردی دەقی پێوە گرتووە و ئامادەش نیە، لە خاکی گەوهەری کوردستاندا دۆزەخە ڕەشەکانی سەر کوردستان ببینێ. یان ئەگەر بشیبینێ، بە ئازاد نەبوونی کوردستانەوە گرێی بدات. خوێنی ئەم شاعیرە، سنووری لە نێوان

گردی شەهیدان و گردی گیانبەختکردوانی «بەکرە»کانی ئایندەدا کێشا. سنووی لە نێوان کوردستان و ئینسانەکانی سەر کوردستاندا کێشا. سنووری لە نێوان شیعر و شیعردا کێشا.

* بەکر علی، لە ساڵی **١٩٦٨** لە شاری سلێمانی چاوی بە دنیا هەڵهێناوە. لە گەڵ هاتنە کایەوەی مەسەلەی ڕووخاندنی خانووە بێ تاپوکانی شاری سلێمانی، لە مانگی تشرینی یەکەمی **١٩٩٣** دا، بەکر علی وەکو ڕابەری نارەزایەتی خەڵکی زەحمەتکێشی گەرەکی حامیە و نوێنەری جێ متمانەیاندەرکەوت و کەوتە هەوڵدان بۆ ئەوەی کێشەکەیان بە کۆمەڵگای کوردستان بناسێنێ. سەرەنجام لە ڕێپێیانی ڕۆژی ١ ی ئەیلوولی **١٩٩٤** ی خەڵکی حامیەدا، لە بەردەم دیوانی پارێزگار لە لایەن پاسەوانەکانی «سالار عزیز»ی پارێزگار و ئەندامی سەرکردایەتی (ی.ن.ک)وە سنگی دەکرێتە نیشان و بریندار دەکرێت و دواتر بە بریندارى گوولله‌بارانی دەکەن.

ئەمشەو دەنووم،
شیعر ناڵێم ...
شیعر مومێکە پێ نابێ.
من شاعیری چرایەک نیم
لە گەڵ فووا
پەنجەیان تێک هەڵکێشابێ.
من شاعیری وولاتێک نیم
سەدان شەو پۆلیسەکانی
جرت و تف و
لیسەکانی
خوا و ئەستێرە و خۆشەویستی و
شیعرەکانمیان
ڕاو نابێ

***

هەواڵنامەی کتێب

# پاڵاوتنی زمان لە وشەی دژی ئینسانی

سلیمان قاسمیانی (کاکە)

زمان وەسیلەیەکە بو پەیوندی گرتن بەینی ئینسان. زمان یارمەتیمان دەدا کە لە یەک بگەین و ویست و خواستی خومان دەربڕین. بەلام زمان تەنیا وەسیلە نیە. زمان هەر وەها پلەی زانیاری ئینسان دەباتە سەر و دنیا فراوانتر دەکاتەوە. هەرچی زمانیک دەولەمەندتر بی، هەر بەو رادەیەش ئیمکانی درکاندنی خواست و ویستی ئەو کەسانەی پیی دەدوین زیاتر دەکات. زمان هەر وەها دابینکەری نیزامی دەسەلاتدارە. ئەو ووشە بی گیانانەی ئیمە لە هەستان و دانیشتنی روژانەماندا کەلکی لی وەردەگرین، لە راستیدا گیان دەبەخشن بە شیوەی ژیانی جوراوجور.

ئەگەر لە نیو رووناکبیرانی کورددا تا ئیستا باسیک لە سەر زمان کرابی، زیاتر لە سەر پالاوتنی زمان لە ووشەی بیگانە بووە و ئارەزوی ئاخافتن بە زمانی پەتی کوردی. زور کەم لە سەر هەلاواردنی زمان لە ووشەی کۆن و کونەپەرستانە و دژی ئینسانی قسە کراوە. زمانی کوردی ئیستاش نەیتوانیوە مۆری دەرەبەگایەتی لە نێو چاوانی بسڕیتەوە و کراسی کونی دەورەی فیئودالی داڕنی و بەرگی نویی ئینسانی سەدەی ئەتوم و تکنیک بە بالای خوی ببڕێ

هەر وەک وترا، ووشەکان گیان دەبەخشن بە شیوەی تایبەتی ژیان. ووشەکان بیر و باوەری مروڤ ئاشکرا دەکەن. هەر دەورەیەکی کومەلایەتی شیوەی تایبەتی ئابووری و سیاسی و فەرهەنگی خوی هەیە. لە سەرتاسەری میژوودا هەمیشە دەسەلاتدارتی حاکم بوون کە رێ و رەسمی ژیان و نۆرمەکانی کومەلایەتیان دیاری کردووە. زمان، وەکوو ئامرازی پەیوەندی گرتنی بەینی مروڤ لە کێشە کومەلایەتیەکان و مەسەلەی دەسەلاتی حاکم جیا ناکریتەوە. لیرەشدا ئەوە بیر و باوەر، بۆچوون و رەوشتی دەسەلاتدارەکانی کومەلە کە زمانی رەسمی کومەل پیی دەدوێ. ووشەکان ئیتر بێ ئازار و سەربەخۆ نین بەڵکو هەست و خوست و رەوشتی جەماعەتیکی کومەل دەردەبڕن و بەرژەوەندی چینێکی تایبەت دەپاریزن.

## ژنان و زمان

لە نیزامی پاتریارکالدا پیاو بە سەر ژندا زالە و پلەی کومەلایەتی بەرزترە. پیاو دەسەلاتداری مالە. ساحەحەبی دارایی و ملک و مال و منالە. ژن لە نیزامیکی ئاوا دا لە پیاو بە کەمتر دادەنری، لە پیاو بە کەم ئەقلتر دەزانری؛ حورمەتی ئینسانی ناپاریزری چون وەکوو ئینسانیکی تەواو بە حیساب نایە. «ژن» بوون یەعنی بی پلە و پایە بوون، سووک بوون، بی ئەقل بوون، پیس بوون...! تەنیا ئەرکی ژن لەم نیزامەدا جێ خەوی کردنی پیاو و کاری بێ ئەجر و لە بن نەهاتووی مالە و ملک و دارایی باوک و برا، یا شووەکەیەتی. ئەم وەزعە بە تەواوی خۆی لە زمانیشدا دەنوینی. «ژن» لە نیزامی دەرەبەگایەتیدا هیچ حورمەتیکی ئینسانی نیە. «ژن» کەس نیە و کەسایەتی نیە. لە زمانی کوردیدا پیاو نەک هەر بە مەعنای ئینسانی نێرینەیە بەلکو مەعنای ئینسان بە گشتیش دەدا. تا ئیستا کەس نەیبیستووە بلین **«ژن نازانێ چ بکا...»** کاتێ مەبەست لە ئینسان بە گشتییە، بەلکوو دەگوتری **«پیاو**

هەواڵنامەی کتێب

**نازانیّ چ بکا...»**. ئەوە هەر تایبەت بە زمانی کوردی نیە و لە زوربەی زمانەکانی دیکەشدا ئەم مەسەلەیە دەبینری.

هەر وەک دەزانین وشەی «ژن» تەنیا یەک مەعنای نیە. هەم بە مەعنای جنسی مقابلی پیاوە و هەم جنیویکی زور گەورەیە کە لە بەعزە شوینیک دەتوانی خوین بە پا بکات و سەر بە با بدات! جگە لەوەش زوربەی هەرە زوری جنیوی کوردی بە جوریک رووی لە ژن و جنسیەتی ژنە. کاتی یەکیک بیهەوی ئەوپەڕی نفرەت و بیزاری خوی لە کەسیک دەربڕی و بی حورمەتی بکات، فەوری خەزینەی وشەی «دژ بە ژنی» زمانی کوردی، دەرگای دەکریتەوە و «ژن» یا «خوشک» و «دایکی» حەریف کون کون دەکری!

ژن بەشیک لە مالە و هەر بویەش بە پیی زمانی کون یا پەتی کوردی دەلین «مال و مندال چونن؟». «ژن» ناوی نیە چون بو ئەوەی ناوت هەبیت دەبی سەربەخو بی، «کەس» بی! بەلام هەر وەک ووترا، «ژن» کەس نیە! کەسایەتی ژن لە فەرهەنگی دەربەگایەتی‌دا بی مەعنایە! کی هەیە لە ژنی مال یا لە مندالانی ناو مالی نەبیستبی، «کەس لەمال نیە» کاتیّ پیاوی مال لەمال نەبیّ؟! کەس بوونی ژن لەم فەرهەنگەدا بە مێرد یا باوک و براوە بەستراوەتەوە. هەر بویەش بە سەدان نیوی وەکوو «براژن»، «ئاموژن»، «خالوژن»، «خوشکیّ»، «پووریّ»، «دادە»، «دایکی هانا» ... بانگ دەکریّ، بیجگە لە نیوی خوی! ئایا جیگەی شەرم نیە کە پیاو بە شەریکی ژیانی، واتە هاوسەرەکەی بلیّ **«ژنەکەم»** لە حالیکدا **«ژنیّ من»** جنیوە! کەسیّ کە ژن بە ئینسانیکی بەرابەر لە گەل پیاو دادەنیّ بوی نیە لەم ووشە کون و پیسانە لە ووت و ویژدا کەلک وەرگریّ. کەسیک کە ژن بە ترسەنوک و ناتەواو و بیّ ئەقل نازانیّ، ناتوانیّ بە کوڕەکانی بلیّ :«خو تو کچ نی بو دەگری...»، «روڵە، ئەوە کاری پیاوان نیە...»، «کورم تو پیاوی، چون دەترسی ...»!

## راسیزم، رەگەزپەرستی و زمان

بەشیکی‌تر لەم ووشانە بە ئاشکرا رەگەزپەرستانەن و دژ بە نەتەوە و گروپی دینی و کومەلایەتی دیکەن. «سورانی» خوی لە «کرمانج» بە سەرتر دەزانی و هەر بویەش «کرمانج» لە لای «سورانی» بە مەعنای دواکەوتوو و تینەگەیشتوویە! تەبیعیە کە ئەمە دەگەڕیّتەوە سەر دەورەی خان‌خانی و عەشیرەگەری. هەر تیرە و تایفەیەک خوی لەوانی‌تر بە سەرتر دەزانی. ئەوەی کە ئەم ووشانە تا بە ئەمروش نەمردوون پیشاندەری ئەم راستیەیە کە خەباتیکی ئەوتو لە مەیدانی زمان دا بو ئینسانی کردنی زمان نەکراوە. «عەرەب» و «قەرەچ» و نەتەوە و گرووپی‌تریش لەم دوژمنایەتیە و بە کەم دانانە لە زمانی کوردی دا بی بەش نەبوون. نموونەیەکی‌تر ووشەی «جوولەکە»یە. هەر چەند ئەم ووشەیە لە ئەسل دا بە مەعنای یەهوودیەکانە، بەلام شوونیزم و رەگەزپەرستی و بیر و باوەری دواکەوتووی ئایینی وای کردووە کە ووشەی «جولەکە» ئیتر تەنیا مەعنای نگاتیڤ و منفی هەیە و بە هیچ جوریک ناگەڕیتەوە سەر ئەو ئینسانانەی مووسا بە پیغەمبەری خویان دەزانن. وەختی دەگوتری «جوولەکە»، تەواوی ئەو نیو و نیتکە و خەسلەتانەی کە بە جوولەکەوە چەسپینراون، دینەوە یادی ئیسنان. «جوولەکە» یەعنی ترسەنوک، دەولەمەند، سەقیل و چاوچنوک! دەلین :« ئەوەی بە سەر من هاتووە، خوا بە سەر جوولەکەشی نەهینی». یەعنی یەهوودی گوایە ئەوەندە خراپن کە هەرچی بە سەریان بی، کەمە و جیگەی خویەتی! ئەم جورە بوچوونانە لە بیر و باوەری ئایینی و رەگەزپەرستانەوە سەرچاوە دەگرن و تایبەت بە زمانی کوردی نین.

موسولمان خوی بە مروڤیکی پاکتر و سەرتر لەو خەلکانە دەزانی کە ئایینیکی‌تریان هەیە. ناسیونالیسم و

هەواڵنامەی کێژ

ئایین لیرەدا بو یەکتری دەستیننەوە و هاودەنگ ئیسنانەکان لەیەک جیا دەکەنەوە؛ ئەم بە ئایین و ئەو بە سنوورەکانی میللی و نەتەوەییەوە. کاتی دەلین «گاور بوی موسولمان دەبی» مەبەستی وێژەر زیاتر ئەوەیە کە پیشان بدا حالی فلان کەس چەندە خراپە. لەوانەیە ویژەر هیچ دوژمنایەتیەکی لە گەل خەلکانی مەسیحی نەبی یان لەوانەیە هەر نەزانی کە بەم قسەیە بی حورمەتی دەکا بە مەسیحیەکان و جنیویان پیدەدا. هەر وەک لە پیشتر دا ووترا زوربەی ئیمە لە کاتی قسە کردندا بی ئەوەی بیر لە میژوو و ناوەروکی ووشەکان و مەسیلەکان بکەینەوە، بە پیی عادەت کەلکیان لی وەردەگرین. بەلام کاتی بێین و لە ناوەروکی ووتەی «گاور بۆی موسولمان دەبێ» بکۆلینەوە بومان دەردەکەوی کە بە بی ئەوەی بمانەوی خەریکین لە دەهولی ئیسلام دەدەین و خەلکیتر بە هیچ و پووچ و خراپ لە قەلەم دەدەین. ووتەی ناوبراو لە سەرەوە مەعنای ئەوەو کە «گاور» ـ مەسیحی ـ بی رەحم و بی ئینساف و بی دڵە، بەلام حالی فلان برادەرە موسولمانە ئەوەندە جەرگ بڕ و ناخ سووتینەرە کە تەنانەت کابرای مەسیحی بی بەزەیی و بی رەحمیش دلی بوی دەسووتی و چون دل سووتانیش تەنیا لە موسولمان دەشیتەوە، کابرای مەسیحی دەبیتەموسولمان. هەر وەک ووترا لەوانەیە ئەو کەسەی ئەم قسەیە دەکا بە هیچ جورێک ئەو مەبەستەی نەبی کە لیرە شی کرایەوە. ئەوەی کە لیرە دا موهیممە ئەوەیە کە ئینسان بە بەکارهینانی ئەم جورە ووشانە، بیهەوی و نەیهەوی، کومەک دەکا بە زیندووومانەوەی لاشەی بوگەنی بووونیک کە دەبوایە زور لەوە پیشتر بو هەمیشە گۆڕ کرابایە. ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە کە زمانی کوردی لە بوگەنی بیر و باوەر و هەلویستی کونەپەرستانە، رەگەزپەرستانە، دژی ئینسانی و ئایینی رزگار بکریت و حورمەتی ئینسان وەک ئەستیرەیەک لە هەموو ووشەکانیەوە بدرەوشیتەوە؟!

## حەیوانی بەستەزمان و زمانی ئینسان

حەیوانی بەستەزمانیش لە ژیر هوروژمی نیزامی چەوسینەور و کونەپەرست سەری بە سلامەت دەر نەبردووە! بە دەگمەن حەیوانیک پەیدا دەبی کە توانیبیەتی لە چنگی فەرهەنگی د مرەبەگایەتی رزگار بووبیت و بە پیی قازانج و زەرەدی بو ئەو چینە خەسلەتی پی نە بەخشرابی. تا ئەو جیگایەی دەگەریتەوە سەر تەبیعەت، هیچ حەیوانیک بە سەر حەیوانیکی دیکەدا فەخری نیە. هیچ حەیوانیک نیە کە زەرەدی بو تەبیعەت هەبیت و هەر کام لە جیگەی خوی رولی تایبەت و پیویستی لە پروسەی بەردەوامی ژیانی سروشتدا هەیە. «هەلو و چەقەل و قەل» بو تەبیعەت هەر بە قەرا یەک بە نرخن! سەگ و ریوی و گورگ، مشک و کوند و کرم ... هەموویان وەکوو یەک لە زنجیرەی ژیانی طبیعی( Ekologi ) دا بەشیان هەیە. باسی زەرد و قازانجی حەیوانەکان تەنیا لە پەیوەندی لە گەل بەرژەوەندیەکانی تەسکی ئینسانی گیرودەی کومەلی چینایەتیەوە مەعنا پەیدا دەکا. دواکەتوویی، ناشارەزایی و تینەگەیشتنی ئینسان لە هوی بەلا و کارەساتی تەبیعی و نەخوشی جوراجور لە دەورەکانی رابردوودا، دەبووە هوی ئەوە کە عیللەتی ئەو شتانە بە غەلەت لە شوینیتر بدوزریتەوە و بە سەر شتی دیکەدا بهینری. حەیوانی بەستەزمان لیرەشدا بێبەش نەکراوە و زوریان بەم تیرەش پیکراون.

ئەگەر کەسیک نووسەری چیروکی منالان بیت و خوی لە قاڵبی فەرهەنگ و زمانی کون رزگار نەکرد بیت، تووشی ژانەسەرێکی قورسدەبی تا بتوانی چەن حەیوان وەک قارەمانی چیروکەکەی هەڵبژیرێ بە پیی ئەم فەرهەنگە «سەگ» نەک هەر گلاوە بەلکوو خوێریشە کەوابی بو قارەمانی چیروک نابی. «مشک» پیسە و هەزار بەدبەختی و نەخوشی بە دواوە ریز کراوە، کەوابی ئەویش هیچ. «کوند» کە هەر بو باس کردن نابی چون مەرگ و

ویرانی لە گەل خوی دینی. «بەراز» کە لەویش خراپترە! خوا نەکا بە یەکیک بلیی «دەڵیی بەرازی»! «کەو» هەر چەند جوانە و دەنگ خوش، بەلام نیوی بە خوخور دەرچووە! «کەر» چی؟ محاذالله! «مانگا» ی بیچارەش کە بە نەفام نووسراوە و «گا» ش بە تەپ و حول!

ماوەیەک لەمەو پیش ئاشنایەک لە گەل خزمەکەی کە لە ئیرانەوە بە سەردان هاتبووە لای، میوانمان بوون. منالە پینج سالانەکەمان مشکیکی دەستەموی سپی هەبوو کە زوری خوش دەویست. میوانە ئیرانیەکەمان مشکەکەی پێ پیس بوو و هەوڵی زوری دا بە منالەکەمان بسەلمینی کە مشکەکە لە باوەش نەگری، چونکوو پیسە! منالەکەش ئەوەندەی دەیتوانی و ئەقلی پی دەشکا جوابی دەدایەوە و دەیویست پیی بسەلمینی کە مشکەکە هەم خاوێنە و هەم جوانە. بەلام میوان دەس بەردار نەبوو و لە قسەی خوی نەدەهاتە خوار. منالەکە توورە بوو و قیژاندی بە سەر میوان دا: « تو نابینی ئەو مشکە خاوینە... ها، سەیری لاقی بکە... نابینی چەندە خاوینە؛ نابینی پیستەکەی چەندە نەرم و سپی و جوانە؟!... تو نازانی! مشکەکەی من لە تو زور خاوینترە...». دیار بوو کە میوانەکە و منالەکەمان تیک نەدەگەیشتن! میوان بە پیی بوچوونی ئایینی و کونی خویەوە نەیدەتوانی قەبوول بکا کە مشکە سپیە دەستەمویەکەی منالەکەمان، سەرەڕای پاک و خاوین بوونی گیانی، پیس نەبی! هەڵبەت بو میوانەکەمان فەرقی نەدەکرد کە منالەکە لە جیاتی مشک، کایەی لە گەل سەگ یا بەراز کردبایە چون بە پیی بوچوونەکەی ئەو، ئەم حەیوانانە هەموویان هەر پیسن و ئەگەر هەزار جار بە ئاوی کەوسەریش حەمام درابان، لە پیس بوونیان کەم نەدەبووەوە!

***

دیارە کە لە گەل گوڕانی شیوەی ژیان و گوزەرانی کومەلایەتی، زمانیش گوڕانی بە سەردا دی. بەلام هیچ ئال و گوڕێکی کومەلایەتی نیە کە خوی لە خویەوە بیتە دی. تیکوشان بو وەدیهینانی ئەم ئال و گوڕە، شەرتی پیویستی گوڕانکاری‌یەکەیە! کەسیک کە خوی دژی کونەپەرستی و بیر و باوەڕی دژی ئینسانی‌یە، دەبی پیش لە هەموو شتیک، زەین و زمانی خویشی لە ووشەی کونەپەرستانە، دژ بە ژن و رەگەزپەرستانە کە لە زمان دا هەن، پاک بکاتەوە و لە ئاخافتن دا کەڵکیان لی وەرنەگری. «ئینسانی کردنی» زمان ئەرکی هەر ئینسانیکە کەدژی نابەرابەری و زولم و زور و نیزامی چەوسینەر لە هەر چەشنێک‌یەتی. بنیاتنانی دنیایەکی ئینسانی و ئازاد و بەرابەر قەرار نیە دوای رووخانی حکومەتی دەسەلاتدار دەست پێ بکا. ژیان راوەستانی نیە و خەباتیش هەمیشە لە مەیدانەکانی جوراوجوری ژیان دا لە ئارا دایە. کۆشکی دنیای ئازاد و بەرابەر دەبێ هەر لە ئەمڕۆوە بناخەکەی دابنرێ، کەرەسەی پیویستی بۆ کۆبکریتەوە و بەرد بە بەرد بە پیی توانا لە سەر یەک دابنری. بەرنگار بوونەوەی فەرهەنگی کونو دواکەوتوو؛ پالاوتنی زمان لە ووشەی بوگەنی دژی ئینسانی بەشیکە لە بەردی بناغەی ئەو کوشکەی کە مروڤی ئازاد قەرارە تییدا وەحەسیت. ئەوە کاری هەر ئەمرویە و بە سپەینی ناسپیردری.

***

هەواڵنامەی کتێب

# چاوپیداخشانیک به سه‌ر فیلمی « لیستی شیندلێر»

نووســـــەر: « بهروز یاور»

وەرگێر : سمکو ئەحمەد

ماوەیەکە فیلمی«لیستی شیندلێر»، دەرهێنانی ( ستیون سپیلبرگ Steven Spielberg ) لە سینەماکانی رۆژئاوا نمایش دەدرێ. رەسانە گشتی‌یەکانی رۆژئاوا سەر لە بەریان لە مەدح و سەنای ئەم فیلمەدا نووسیان و دەنووسن. قوتابخانەکانی ســـــوئێد لەژێر ناوی«خە باتێ دژ بە بێگانە بوون» قوتابیەکانیان بە کۆمەڵ بۆ بینینی ئەم فیلمە برد . بەلام بەراستی پـــــەیامی ئەم فیلمە بۆ بینەرەکانی چییە؟ئەم نووسراوەیە لە روانگەیەکی‌ترەوە چاوپیداخشانێکە بەم فیلمەدا. داستانی ئەم فیلمە سەبارەت بە ١١٠٠ یەهوودی‌یە کە جەنابی «شیندلێر» بە بەکارگرتنیان لـــە کارگەکانی خوی دا، بوو بە هوێ ئەوەی کە رەوانەی کوورەکانی مروڤ سووتاتدن نەکرێن و زیندوو بمێننەوە. ئەلبەت جەنابی «شیندلێر»خوێ لە ئەندامانی حیزبی نازیست بو، بەلام وا دیارە نازیست بوونەکەی، بەری بە قارەمان لێ سازکردنی نەگرتووە. «لیستی شیندلێر» چەندین خەلاتی ئوسکاری وەرگرت.

## ئەوەی لە میژوودا رووی‌دا

ناوەرۆکی فیلمەکە ئیشارە بە گەلالەیەک دەکا کە لە سەردەمی دەسەلاتداریەتی نازیـسم لە «پۆلۆتیا» ـلەهێستان. روویداوە و لە مێژوودا بە خاشەبر کردنی یەهوودیەکان، رووناکبیران، قەشەکان و نەجیبانی پۆلۆتیایی بە ناوبانگە. بەرێوەبەری ئەم گەلاڵەیە لەلایەن هیتلێرەوە بـە هیملێر و هیدریش درابو و قەرار بوو بەنابودی و خاشەبرکردنی یەهودیەکان کوتایی پی‌بێت. لەپەنا ئەم گەلالەیە دا «هانس فرانک» فەرماندەری گشتی پۆلۆتیا ئەرکی لەناوبردنی کومونیستەکان و رووناکبیرانی لەژێر نـاوی نهێنی«عەمەلیاتی ئارام کردنەوەی تایبەت یا کردەوەی ئەلف-بێ» لەسەرشان بو. کـەواتە بەپێچەوانەی ئەم شتانەی کە باسی لێ دەکرێ و لەم فیلمەشدا بەروونی دیارە، تەنیا یەهوودیەکان قــوربانی ئەم کارەساتە دژی ئینسانیە نەبوون. «هانس فرانک» لە بیرەوەریەکانی‌دا کە لە چل و دوو جلددا کۆی کردوونەتەوە و خرانە بەر دەم دادگای «نورنبرگ»یش، بە باشی بەرفراوانی قەلاچوی غەیرە یەهوودیەکانیش ئاشکرا دەکا. «هانس فرانک» لە شوێنێ گاڵتەی دێ بە راگەیاندنیک لە سەر ئیعدامی حەوت دانیشجووی «چێک» و، روو لە رۆژنامەنگارێکی ئالمانی دەلێ:

« ئەگەر بۆ هەر حەوت پۆلۆتیاییێ کە گوللەبارانیان دەکەم راگەیاندنیکی ئاوام بدایەدەر، تەواوی دارستانی پۆلۆتیا کیفایەتی کاغەزی ئەم بلاوکراوانەی نەدەکرد»

لە شوێنێ تر سەبارەت بە گرنگی لەناوبردنی رووناکبیران، لەزمان هیتلێرەوە ئاوا دەنوسێ :

«لە پۆلۆتیا ئینسانە لیهاتووەکان و ئەو کەسانەی شوین ئەوان دەکەون‌دەبێ لەناو بچن. پێویست بە قورس‌کردنی باری «رایش» بەم کەسانە نییە... و رەوانە کردنیان بۆ ئۆردوگاکانی زورەملی‹ رایش› پێویست ناکات.»

تەنانەت ئەگەر بروانینە ئامار و ئەرقامیش دەردەکەوی کە هێرش بۆ سەر رووناکبیران زۆر بەربلاوتر لەوە بووە کە بو سەر یەهوودیەکان کراوە. لە یەکێک لە راپۆرتەکانی «هیملێر» دا ئاوا هاتوە :

«لەماوەی یەک سال دا ١٢٠٠٠٠٠ پۆلۆتیایی و٣٠٠٠٠٠ یەهوودی لە ناوبران و بۆ رۆژهەلات راونران. لە

«چێکوسلوواک»یش راونان وئازاردانی کـومونیستەکان هاوکات لە گەل ترساندنی یەهوودیەکان درێژەی هەبووە. دەسەلاتداریێتی نوێی لایەنگری ئالمان لەم ولاتە . . . دروست بەر لە کریسمەسی ساڵی **١٩٣٨**، حیزبی کومونیستی مونحەل کرد وتەواوی ماموٚستایانی یەهوودی قوتابخانە ئالمانیەکان بێکار کران.» ( سەرهەلدان و لەناوچونی رایشی سێهەم ـ ویلیام شایریر. لا. **٦٨٢** )

دوژمنایەتی و بەربەرەکانی نازییەکان لەدژی کومونیسم بەرادەیەک بوو کە «هیتلێر» لەم بارەوە ئاوای ووتوە :«من دەمویست فەوتینەری مارکسیسم بم و هەر واش دەکەم.» ( شایرێر.لا. **١٤٧** )

بەلام ئەم راستیە حاشاهەلنەگر و مێژوویییە بە ئەنقەست فەراموٚش دەکرێ و خەریکە بە شێوەی جوٚراوجوٚر لە کارنامەی جینایەکاتی نازیسم بشوٚرێتەوە. ئەم مەسەلە لە فیلمی ناوبراویش دا بە روونی دیارە. لێرە جیگەی خویەتی پرسیار بکرێ کە چوٚتە لە هەمــوو شوێنێ زەخت و زوری لە دژی یەهوودیەکان بە نیوی کەمایەتیەکی ئایینی قسەی لێ دەکرێ بەلام سەرکوت و کوشتاری کومونیستەکان و رووناکبیرانیتر بە ئەنقەست فەراموٚش دەکرێ؟ بوٚچی لە هەموو جێگایەک کوورەی مروڤسووتاندن وەبــیر هێنەرەوەی سووتاندنی یەهوودیە بێ تاوانەکانە، لە حالێکدا کە هوٚی سەرەکی بنیادنانی ئەم کـــــوورانە لە راستیدا سەرکوتی زیندانیانی سیاسی پوٚلوٚتیایی بووە. «ویلیام شایریر» لە کتێبەکەیدا ئاوا دەنووسێ :

﴿.... «ئاشــــوێتس» ،شاروچکەیەکی باتلاقی و نیوە ئاوەدان بە دوازدە هەزار دانیشتووەوە، چەند کارخانە و سەربازخانەیەکی کوٚنی سوارەنیزامی «ئوتریش»ی لێبوو. کار خێرا دەستی پێکرد و روٚژی چواردەهەمی ژوئەنی **١٩٤٠** ، «ئاشویتس» رەسمەن لەژێر ناوی ئوردوگای کاری زوٚرەملی بوٚ زیندانیە سیاسیەکانی پوٚلوٚتیایی، کە ئالمانیەکان بەتەما بوون لە گەلیان بە شیوەیەکی تایبەتی و توند بجوولینەوە، دەرگاکانی کرانەوە ﴾ ( شایریر. لا. **١٠١٦** )

زوٚر کەس هیشتا بە سەر زیندوون و ئەم راستیە مێژوویییە دەسەلمینن.«ئیرمگارد کونراد» Irmgard Konrad ژنێکی**٧٩** سالەی سوسیالیستە کە ئێستا لە سوئێد دەژی و لە زیندانیەکانی گیان بەدەر بردووی «ئاشویتسە»، لە قسە و باسێکدا سەبارەت بە چوٚنیەتی گیـران و رەوانەکرانی بوٚ ئاشویتس دەلی:

«من بە هوٚی یەهوودی بوونەوە لە ئاشویتس نەبوم، بەلکو زیندانی سیاسی بووم.»( روٚژنامەی ـ Arbetet Nyheterna )

ئایا مانای راستەقینەی ئەم گوٚرینە مێژوویيە ئەمە نیە کە سەرپوٚش بخرێتە سەرخەباتی کومونیستەکان و رووناکبیرانیتر تا مەجال بوٚ خولقاندنی شێرە درووینەیەکی وەکو «شیــندلێر» برەخسێ؟ بی شک گیرانەوە و وەسف کردنی چونیەتی بە دەسەلات گەیشتنی هیتلیر بە هەموو جینایەت و قەتلیعام کردنەکانیەوە، داگیرکردنی وولاتانیتر و خاشەبر کردنی یەهوودی و ئینسانە شورشگیرەکانیترەوە، هیشتا بەوە کومەک ناکا کەئینسان لە وەدی هاتنی پەدیدەیەک بە نیوی فاشیسم حالّی بێ. بە واتایەکیتر بو تیگەیشتن لە فاشیسم پیویستە لە زەمینە و هویە سەرەکییەکانی ـ چ مادی و چ مێژوویی ـ بکولّرێتەوە. دەبی لەوە بکولدرێتەوە کە دامەزرێنەرانی ئەو باوەرە کی بوون، چیان دەویست و بو چی بو گەیشتن بە مەبەستیان نیازیان بەم گشتە جینایەتە بوو.

تەوزیح دان و هەلّسەنگاندنی ئەم مـــێژوویە بە لە بەرچاوگرتنی ئەو سەرچاوە بەرینە ئیتلاعاتیەی کە لەبەر دەست مێژوونووس و محقق و هونەرمەندان دایە، چکولەترین چاوەروانیەکە کە ئینسان دەکری بیبێ. بەشێکی گەورەی ئارشیو وبەلّگە ناخوٚییەکانی ئیدارەی کاروباری دەرەوە، هێزەکانی زەوینی و دەریایی، حیزبی ناسیونال سوسیالیست، پوٚلیسی نهێنی «هیملێر» لەگەل تەواوی بیرەوەرییە خسووسیەکانی روٚژانەی، نوتـقە زوٚر نهێنیەکان،

نامەکان و تەنانەت کاسێتی گفت و گۆی ڕێبەرانی نازی، ئەمرۆ لەبەر دەستدا هەن. بەرینی و هەمەلایەنە بوونی ئەم بەڵگانە بەرادەیەکە کە «شایرێر» لەم بابەتەوە دەڵێ:

« بەرای من پێشتر هەرگیز خەزێنەیەکی بەم گەورەیی و بەربلاویە نەکەوتۆتە دەست لیکۆڵینەرانی مێژوو» (هەمان سەرچاوە. ل. ١٧ )

تەنیا ئەرتەشی یەکەمی ئامریکا دەستی داگرت بە سەر ٤٨٥ تۆن وەرەقە و بەڵگەی ئیدارەی کار و باری دەرەوەی دەولەتی نازی، کە لە قەلا و کان و کێوەکانی «هارتس» بیندرانەوە. ئایا چاوەروانیەکی بیّجیّ یان لە توانا بەدەرە کە لە محقق و هوّنەرمەندانمان بویّ کە پاش تیّپەربوونی نیو سەدە، کە تەنیا بە خستنە رووی هاکەزایی ئەم راپۆرتانە قانع نەبن و هەنگاویّک زیاتر بچنە پیش؟ ئەم رەخنە و چاوەروانیّیە دەبیّ سەبارەت بە فیلمی«لیستی شیندلیّر » یش هەبیّت.

ئەم فیلمە شایەد هـەوەلین بەرهەمی سینەماییّیە کە زیرەکانە هەولی داوە کە بە هەڵبژاردنی ئاگاهانە و ئامانجدار، گۆشەیەک لە میّژووی جینایاتی نازیسم، چۆنیەتی لەناوبردنی یەهوودیەکان نەک بەم جورەی کە لە میّژوودا رویداوە بەلکو بە شیّوەیەک کە خویان گەرەکیانە، شەرح بدات. کەڵک وەرگرتن لە تکنیکی پیّشکەوتوی فەننی، تەداروکاتی و سینەمایی لە گەل سناریو، موّسیقا، یاریکەری ودەرهیّنەری ریّک و پیّک؛ وەها حیسیّب کراو لە گەل یەک تیّکەلکراوە کە ریّگایەک بوّ را کردنی فکر و هەستی بینەر لە وەرگرتن یان دوودل بوون لە پەیامی ژەهراوی فیلمەکە ناهیلیّتەوە. سەحنە دلّتەزیّنەکانی «لیستی شیندلیّر» بە باس لە جینایاتی سـەرنج راکیّشەری نازیسم لە دژی یەهوودیەکان دەست پیّدەکات و بە وەشویّن کەوتنی ئەم پرسیارە میّژوویی‌یە کە چ‌دەبوا کرابا و چ کرا، پـەیامە ژەنگاویەکەی دەریژیّتە ناو هەستی تەسلیم بووی بینەر. ئەم فیـلمە کە ئاوینەی سیاسەتی سیاسەتداریژەرانی ئامریکایی و هالـیوودە، وولامەکەی هەمان وولامە گورینەیە. ئەمجارەش ، «رامـبۆ» قارەمانی سینەمایی ئامریکا، لەقالب شەخسییەتی ئەفسانەیی «شیندلیّر»دا بو رزگاری گیانی یەهوودیە ئەسیر و بیّتاوانەکان، بە تەنیایی دیتەوە مەیدان؛ بەم جیاوازی‌یەوە کە «رامـبۆ»ی ئەمجارە قەلافەتیکی شیّرە خوڕینەی نیە و هەر لە دوورەوە بۆنی پوول و سوود دەکا. «شیندلـیّر» هەر بەهوّی ئەو هەستی بوّن‌کردنە تایبەتی‌یەوە و هەر وەها سیاسەتی تایبەتی ئابوری ئالمانی نـازی لەو سەردەمەدا، دەبیتە ئەندامی حیزبی نازیـست، دەبیّتە خاوەنی کارخانەیەکی قابڵەمە دروست کردن، کریّکاری یەهوودی بەکریّ دەگریّ و سـەرمایەیێکی زوّر پیکەوە دەنی. «شیـندلیّر» کە دەوری قسەکەر و نویّنەری بـورژوازی ئەو زەمان و ئیّستا دەبینیّ، تەنیا رەخنەیەکی لە نازیـسم هەیە :

« بوّچی کوشتاری وەحشیانە و دەست بەجیّ!!! کاتیّک دەکریّ لە کاری هەرزانی ئەوان کەڵک وەربگیریّ و بە مەرگی کاوەخۆوە مەحکووم بکریّن.» بەلام وولامی هیتلیّری هەمان کاتیش روون‌بوو:

«دەوڵەت سەر وکاری لەگەل هیچ مانا یا پیّشکەوتنیّکی ئابوری دیاری‌کراو نییە.دەولەت کەرەسەیەکی نەتەوەییە نەک سازمانیکی ئابوری.» (شایریر . ل.١٦٠ )

بەلام رامبوّی ئەفسانەیی بە کەڵک وەرگرتن لە هەمان شـمی تایبەت و بە یارمەتی کلیلی هەمیشەیی گیر وگرفتەکان، واتە پارە و بەرتیل، لایەنی گەورەکانی لشکردەگریّ و بە بەکریّ گرتنی یەهوودیەکان، کە جگە لە مـەرگ یا مووچەخوّری بوّ «شیندلیّر» چارەیەکیان نییە، دەبیّتە خاوەن سەرمایەیەکی یەجگار زوّر. لەم سات و سەودایەدا کە بە شوکرانەبژیّری و تاریفی دائیمی کریّکاران نیشان دەدریّت، «شیندلیّر» سوودی خوی دەست

هەواڵنامەی کتێب

دەکەوێ و یەهوودیەکانیش حەقی هەناسەکێشان و مووچەخۆری لە کارخانەکەیدا. ئەم سەودا نابەرابەر و دژیئینسانیە وەها زیرەکانە سەحنەسازی دەکرێ کە سەرنجی بینەریش رادەکێشێت. «شیندلـێـر» کە نۆکەری نازیسم و بورژوازی و هاودەستی ئەوانە لە تالان کردنی یەهوودیەکان، لەم قـۆناغە تایبەت و داسەپاوە بە سەر یەهوودیەکاندا کەلک وەردەگرێ و بە بیانـووی زیندوو راگرتنیان و بۆ بەردەوام بوونی سەرمایەکەی نـاچار بە کار کردن لە کارگەی تەقەمەنی و نـیزامیان دەکات. کرێکارە یەهوودیەکانی کارخانەکەی «شیندلێر» لە راستیدا دەبن بە بەشێک لە کەرەسەی چەکداری نازیـسم و بە قیمەتی زیندوو مانەوەیان کەل و پەلی نیزامی دروست دەکەن کە دەبینە هۆی کوشتاری هەرچی زیاتری ئینسانەکانیتر و بەتایبەت یەهوددیەکانی دەرەوەی کارخانەی «شیندلێر».

بەلێ بۆ زیندوومانەوە دەبێ نرخێکی ئاوا گەورە بدرێت. ئاخر هەناسەکێشان بە هەر نرخێک بێت لە مـردن باشترە! ئەمەیە پەیامی فیلمەکە. ئەگەر نازیستەکانیتریش وەکو «شیندلێر» لە جیاتی سووتاندنی یەهوودیەکان و کەسانیتر، زیندوویان راگرتبانایە و شیرەی گیانیان لە کارخانەکانیان دا کێشابانایە ـ هەر وەکو پەیامی فیلمەکە پیمان دەلی ـ ئەوانیش شایانی هەمان مەدالیا و فرمێسکی رێز لیگرتنە دەبوون کە کرێکارە یەهوودیەکان لە فیلمەکەدا، پاشماوەکانی ئەم کارەساتە و بینەرە سینەماییەکانی بۆی هەڵدەرێژن.

بەراستی شوورەییە. لە پیشدا خەلکی بێتاوان دەکەنە قوربـانی کردەوەی حەیوانی خۆیان؛ لە سەردووریێیانی مەرگ و تەسلیم دایان دەنێنن و پاشان قارەمانیان بۆ دادەتاشن تا حەقی هەناسەکێشانیان بۆ بە دیاری بێنێ و بۆ ئەم شاکارە داخوازی مەمنوون بوونیشیان لیدەکەن. ئەمە هەر هەمان حەدیسی کۆنە کە هەموو رۆژێ بە جۆرێ دەیکەنە ناو مێشکی ئینسانەکان بۆ شاردنەوەی رووی واقیعی بێعەدالەتی و جینایاتی سیستیمی کاری کرێگرتە و بەرگرتن لە هەر جورە گورانکارییەک لە وەزعی موجود دا.

فیلمی «لیستی شیندلێر» بەرهەم هێنەری هەمان ئەرکی قارەمانانەی «جـۆرج بـــووش»ە لە شەڕی کەنداودا. لێرەش قەرارە خەلکی ئاوارەی کێو وسەرما کە لە پەنجەی مەرگدا دەست و پێ لێدەدەن، بیکەن بە چەپلەڕیزان بـۆ فرۆکەکانی ئامریکایی؛ لە زاخـۆ بینە شەقامەکان و لە ئامریکا تکا بکەن و بپاڕێنەوە کە لە کوردوستان نەچێتە دەر و سایەی لەسەر نەتەوەی کورد کەم نەکاتەوە!

بەراستی پەیامی ئەم فیلمە بۆ ٥٠ میلیون کرێکاری بالغ و ١٠ میلیون مـــنال کە لە هیند و پاکستان بۆ لەبرسان نەمردن، هێزی کاریان بە دەلالانی کار ﴿کە بە «جامادارز» ناسراون﴾ پێشفرۆش دەکەن، چییە؟ ئاشکرا و روون: هەر بژی سیستیمی کۆیلەیی قەرز و هەر بژی «جامادارز» کە٦٠ میلـــیون ئینسان بە دیتنەوەی کار بۆیان (هەر چەند بەقیمەتی کۆیلەتی راستەقینە) لە مردنی حەتمی رزگار دەکات!!

بەلـێ ئەمە پەیامێکە کە قەرارە زۆر حیسێبکراو، بە هەڵخراندنی هەستی بێزاری ئینسانەکان لە شەر، جینایەت و خوێنرێژی برژێتە ناو گیان و رووحیان. لە قاودانی ئەم فیـــلمە و سیاسەتی درووینەی دەرهێنەران و قسەکەرەکانی، ئەرکێکە کە هیـممەتی تاکە تاکی ئێمەی پێویستە. پێشکەش کردنی حەوت خەلاتی ئوسکار بە بەرێوەبەرانی ئەم فیلمە و هاتنە سەر پەردەی پەیتا پەیتای لە ئورووپا و ئامریکا دا، هێرشێکی لەپێش دارژاوی فەرهەنگییە بۆ سەرخەلکی شەریف و نەسلی تازە پێگەیشتو. وێستانی هەر ئینسانێکی شەریف بەهەر ئەندازە و شکلێ کە لەتوانای دایە، لە دژایەتی لەگەل ئەم فیلمە تەئسیری مێژوویی خۆی دادەنێ.

***

# چەن لاپەرە لە دەفتەری بەر باغەلەم

ریبوار

چاوم گلۆفت ...
دیسان چاوەشی نیشتمان !!...
ئەمجارە چوغەی لە بەرە !
دیسان دەستی دریژدەکا
نیزەی برژانگم بشکینی،
بۆ چاوەزار
زەهری روانینم بستێنێ ...

ئەمیش لە نیگای چاوی دا
سێبەری نەردەی زیندان و داری ئیعدام،
نەگبەتی و مەرگ و برسیەتی
دەپەرچێنێته بەر نیگام!
ئەمیش دەست دێنێ برژانگی خەنجەرئاسا و
بەرگی مارسەم لێ دارِنی.
ئەمیش دەستی کردە پەرژین
دەستم نەگاتە نەگبەتی بیخنکێنێ ...

**٣ ی ٩١**

نەگبەتی لە دەستم خەلەست،
سواری با رِەش بوو هاتەوە...
هاتن ...
چۆن دەعبا دێ، ئـاوا !
دەعبای چی؟ کام وەحش؟ کام دەعبا؟
ژین لای ئاوا
بی قیمەتە؟!
مەرگ هەرزان ...
نەک هەرزان، مەرگ ـ باران بوو!
ئەوەی لە شوێنی جێ دەما،
بەس نەمان بوو!

**٤ ی ٩١**

لەو گەرمەی مەرگ ـ بارانا
گەلای داران

هەواڵنامەی کتێب

له بەرچاوم
چەن بێ عار و کەمتەرخەم بوون،
چـلون دلتان دێ دەپشکوون؟

خەجالەت بی پیرە ـ میژوو!!
تا کەی هەروا بنێینە سەر زکی برسی،
دەستی ماندوو؟

خەجالەت بن، دار و درەخت و تافگەکان!
تافگەی من چاوی لیک ناوە...
کاتیک ئاخرـ ماچیشم کرد
جوابی ماچەکەی نەداوە...

**۴ ی ۹۱**

کاروانـ کوژە،
باری گرانی هەرەسی
ئەخاتە سەرشانی من و
وەک عادەتی جارانیشی
گورانی بە مەینەتەکانم هەڵدە ڵێ!
من ژان، من مەرگ میوانمە،
ئەو دەلی پێ و قەدەم خێر بوو!!
......
بارانی رەش...
چما چارەـ نووس دەباری...
شەوەـ زەنگ زرینگایەوە،
شەو دیسـان شەوگاری دەبێ

**۴ ی ۹۱**

***

هەواڵنامەی کتێب

# «پاکیزەیەک »

ب. سولین

ئەو رۆژەی
  شووشەی دلی سوزانیەکی برسی...
  لە ناوەراستی شاری ئارەزۆیەکا
  ورد و خاش ئەکریّ،
دلنیام...
  ئەستیرەیەکی دەمە و بەیان
  داخ ئەگریت و
  سورەیای عەرشی ئاسمان
  لە سەر سەری خۆی دائەگریّ!

هەوالنامەی کتێب

***

# لە ئامیزیکی گەرم را

سلیمان قاسمیانی (کاکە)

لێم دەپرسی لە کوێوە دێم؟!
ـ لێرەوە چەن گەڕەک واتر!
لە شاری پەنا پایتەخت !
لە هەندەران :
لەو جیگایەی کۆتر جێی ووچانی نیە و
روخساری مانگەشەو زەردە
لەو جیگایەی گەلێک دوور و
زۆر نزیکە
لەو جیگایەی لە دارستانی خوین دەتکێ.

لە کوێوە دیم؟!
ـ لە کانگای تەلاّی ژێر زەوی؛
لەو شارەی گیانی منالان
دیمەنی شەقام دەزڕێنێ؛
لەو شوینەی سەر ڕەش رێ نادا
بەلاّم
سەگ تییدا ئازادە؛
لەو وولاتەی هەتاو لە سەر تۆقی سەرە؛
لەو چیایەی
بەرگی هەر چوار وەرزی سالی
لە هەمان کات دا لە بەرە!

لە کوێوە دیم؟!
ـ ئامێزی دایک !
لەو جیگایەی زگ بۆ نان ناپاڕێتەوە
لەو جیگایەی لێت ناپرسن لە کوێوە دێی
لەو مەڵبەندەی لێت دەپرسن :
« حالت چونە
بۆ کوێ دەچی؟!»

هەواڵنامەی کتێب

لەو جیگایەی کۆتر سل کردن نازانی
لەو جیگایەی
کەس بو ژین ناپارێتەوە
لەو جیگایەی
ووشەیان بو غوربەت نیە و
« هەر سروودیکیان ماچیکە!» *

**٥ ـ١ ـ٩٤**

* ئەم پەڕاوێزە لە شیعریکی شاملو وەرگیراوە.

***

هەواڵنامەی کتێب

# کۆمیدیای ئینسانی

ئاسو

ئاخ و سەد ئاخ
ئەی شیعری باڵ پەپوولەیی!!
ئەی شیعری پشت
باریک، وەک تاڵی ئاوریشم.
بڕیار نەبوو،
ئەم بەژنە ناسک و نازدارەت
بە کۆڵی شاخی کارەسات،
بە دەریای فرمێسکی شەڕ و
بە ئاسمانی پڕ حەسرەتی
منداڵانی بێ دایک و باوک
بچەمێت و
تۆ مامە خەمەی ئازار بیت.
تۆ گوێچکەی سووکی هەڵخستووی
شوێن ترپەی پێی
جەستەی بزربووی ئەنفال بیت.
بەڵام چی بکەم؟!
لەشکری دەنگ کوژان هاتن.
لافاوی ڕەنگ کوژان هاتن.
دزانی نانی دەستی من.
بزەی ووشە کوژانی تۆ،
بە گوڕ هاتن.
بۆیە دەڵێم:
هەر بە باڵی پەپوولەیی ئێستاتەوە.
بە بڕبڕەی تاڵ ئاوریشمی ئێستاتەوە.
لە جەرگەی شەڕدا ڕاوەستەو
پێیان بڵێ:
منیش هاتم.
ئەمشەو نامەکان گەشتنە لام.
سەرم سوڕما،

هەواڵنامەی کتێب

لەو سنووره لەعنەتی‌یه

چۆن دەر چووبوون ؟!

واقم وورِما ،

ئەم نامه توونـد بەستراوانه

به کڵپەی ئاگری هەواڵ

چۆن گشت گیانیان نەسووتابوو ؟!

⁜

نامەی یەکەم:

گەر حەبیبه ،

ئەمرۆ به سەر زیندوو بوایه ؟!

« نالی»یان دەکرد بەشایەت ،

که ئەم شۆخه خێل وخیچه

به تیلەی چاو ، عیشق دەفرۆشێ.

بۆیەدەبوو ،

نالی فتوای له سەر بایه و

به ئاشکراش

بیکوشتایه .

نامەی دووەم :

ئێستا سواڵ ، یەکەم رِۆژنامەی

بەیانیانەو

بەرله هەستانی تیشکی خۆر

دێته بەر دەرگای ماڵان و

پەرِەکانی دەکاتەوه؛

دەڵێ : کورتەی هەواڵی مەینەتێک بخوێننەوه.

نامەی سێیەم :

ئەم سەرقەبرانه خەریکه؛

تێکەڵ به کۆڵان ودەرگا و

دیواری ماڵەکان دەبێ.

دوێنێ شەو بوو،

له تاو هاواری سەرقەبران،

خەڵکی گەرِەک هەموو هەستان.

هەواڵنامەی کتێب

دەیووت وەرن :

بستێک خاکم چییە نەما ؟!

ئاخر سبەی خۆشم دەمرم .

یا خود شەوێک ،

هەرلە سەر هاوارەی خۆم

بەر گوولڵەی وێڵێک دەکەوم .

نامەی چوارەم :

هەموو ڕۆژێک ،

چەند ناوی تر، دەچنە لیستی

شێتەکانی ناو شارەوە.

دوێنێ سامانە شێتم دی.

دەیووت : گەر ژمارەی ئێمە ئێستا

لە ئاقلآن زۆر زیاتر بێت !!

ئەی کوردستان،

بە کامی دڵ تێر پێ بکەنە.

بۆ پەرلەمانی داهاتوو،

حوکمەت بە دەست ئێمە دەبێت.

نامەی پێنجەم :

خاڵە دوێنێ،

دەفتەری ڕەسمی مەکتەبم،

بە سەر مندا توند قیژاندی.

دەیووت : گەمژە!

جاران زۆر شۆخ و شەنگ تر بووم.

ئەوە وێنەی،

پەڕەکانی هەتا دوێنێم ؛

ئەوە بەرگی پوولەکەیی

ئاڵ و والآی ڕەنگەکانیان ؛

کەچی ئێستا تەماشام کە!!

ئەو پەلکە ڕەنگینەی پێرێ

تۆ تیات کێشام،

زۆری نەبرد گیانی دەرچوو،

چونکە بەیەک ڕەنگ کێشرابوو.

ئاخر خاڵەدەمن چی بکەم؟!

هەواڵنامەی کتێب

من نامەوێ، پەلکە ڕەنگینە بکوژرێ؛
بڕوام پێ بکە،
پێیان کوشتم.

نامەی شەشەم :

ئەوەی لێرە لامان نەبێت پێکەنینە.
بەڵام قەینا،
با دوو قسەی خۆشت بۆ بکەم.
یەک هەفتەیە،
ئەو بەلووعە بەستەزمانەی ماڵەکەمان
لێوی بەر ئاو نەکەوتووە.
دوێنێ بە ڕێکەوت کردمەوە .
دوو دڵۆپ ئاوی لێوە هات.
لەخۆشی دا کەوتە سەما و
هەر بەو دەنگە قرخنەی خۆی
دەنگی بەستەی لێ هەڵبڕی.
ئەی گڵۆپی ژوورەکەمان؟!
هێندە لە بەر،
شەوقی چرا دا دانیشتووە
خەریکە ئاوی چاوی دێت.
گەر بەڕێکەوت،
تۆزێک تەزوو،
بەناو جەستەی دا تێپەڕێ
بڕوا ناکات
یەک کات ژمێر،
پرتە پرتی چاوانی دێ و
دواتر ئەویش
چاو لێک دەنێ.

نامەی حەوتەم :

هەواڵی شیعرت پرسی بوو.
هەر ئەو مابوو پیسی نەکەن.
دەستیان گەشتە دەمی ئەویش.
ئێستا شیعر،
هەر هەمووی نا

هەواڵنامەی کتێب

ئەوەی وا بە ووشەی دەنگدار
دەنگ هەڵ دەبڕێ
جنێوی تازەی هێشتاکە
شێخ رەزا پەی پێ نەبردوو ،
بە تاک و بە جووت دەفرۆشێ.

نامەی هەشتەم :

پێش چەند رۆژێک
لە کۆڵانی ئەو ماڵانەی نان تیایاندا
بووەتە خواوەندێکی نوێ و
هەموو ساتێک لە رکات دا
نوێژی دیداری بۆ دەکرێ،
تەرمی کەسێکیان دۆزیەوە.
کە گیرفانەکانی گەڕان
شووناس نامەی
«دانتێ» ناوێکیان خوێندەوە
لەگەڵ یاداشتێکی کورت دا
تیای نووسرابوو :
« ئای لە دەست منی بێ خەبەر
بۆ نووسینی کۆمیدیاکەم،
بەرەو دۆزەخی ئاسمان
سواری ئەسپی خەیاڵ دەبووم.
چۆن نەم زانی؟!
ئەم ووڵاتە،
خۆی دۆزەخێکی چوار وەرزە و
بۆ شیعرمی لێ بێبەش کەم؟! »

نامەی نۆیەم :

دەکرێ راپەڕین باران بێ و
هەر هەمووومان لە بەریدا
پەلکەرەنگینەی گۆرانی
لە کەمەری
سەمای شادیمان ببەستین.
یان ببێتە
پێکەنینی لە ناخەوەی دراوسێکەم.

هەواڵنامەی کتێب

یان بەدەستی هێمن کەرەوەی دیوار و
دەرگا و
پەنجەرەی ترساوی
ڕۆژانی پیریێی ماڵە کەم.
بەڵام چی بکەم؟!
ئەمرۆ ڕاپەڕین لێم بۆتە
چەتەیەکی سڵ نەکردوو.
ئەی نابینی؟!
بە ڕۆژی ڕوون
چۆن دەرگا و پەنجەرەی ماڵی
دەرهێنام و
هەر هەمووی خستە ناو بووخچەی
تاکە فەرشی ناو ژوورمەوە و
بە بەر چاوی دادگاکانی
مافی مرۆڤی شارەوە
هێور، هێور
لێی دا و ڕۆیی.

هەواڵنامەی کتێب

بابە چۆنی ؟!
من دەزانم، تۆش نامەیەکی ئاواڵەی
بۆ پێنووسی ئەو ڕۆژگارەی
چرکە چرکە،
بزەی جارانی گۆڕانیت دەسرێتەوە و
بە خەتێکی درشتی ڕەش
ئایندەیەکی بێ هەتاو،
بێ ئاوێنە
لە دوو توێت دا
چەند بارە دەنووسێتەوە.
نامەکان هەر هەمووگەشتن.
بەتەنها هی تۆی تیا نەبوو!!
بەڵام ڕۆژ ژمێری نان و
شەوانی تەنیایی ماڵ و
برووسکەی هەواڵی مەرگی

کۆڵان و گەڕەک و شۆستە و
تەعزیەکانی
هەر هەموو شارم خوێندەوە.
لیستی درێژی بێکاری شەقامەکان
ترسی دانیشتووی بەر دەرگا و
بەر پەنجەرە و
سەرماڵەکان
ناوی ئاشکرا و نهێنی
هەر هەموو «ملهی»» تازەکان.
ناوی ثلاثی و رباعی،
چەک و شەرواڵ لەسەرپێکان،
ژمارەی کێبڵی تازە و
ئووتووی تازە و
شەقی مزری کوردەواری،
ژێر زەمینی ئەمنی سەوز و
ژێر زەمینی ئەمنی زەردی
هەموو شار و شارۆچکەکان
هەر هەموویانم خوێندەوە.
بەڵام ئەفسووس،
بابە ، بابە
ئەوەی تا ئێستا نەم بینی و
بۆ جارێکیش نەم خوێندەوە
هەواڵی سنوورکێشان بوو
لەنێوانی
شەقامی هەنگاوی ئێمە و
کوێرە ڕێگاکانی ئەوان.
هەواڵی جوودابوونەوەی
گۆرانیەکانی ئێمە بوو
لە گەروو و
دەنگ و
ئاوازی
بەستەی ئەوان.
هەواڵی جودابوونەوەی

هەواڵنامەی کتێب

شیعری ئێمە،
پێکەنین و
گریانی هەمیشەی ئێمە،
ژینی ئێمە
سەرقەبران و
تیشک و تاریکی و
جۆگە لە و
بارەشی هەناسەی ئێمە،
لە هەموو شتێکی ئەوان.
ئاخ ، ئاخ، بابە
من ئەمانەم هیچ نەبیست و
بۆ جارێکیش نەم خوێندەوە.

١٩٩٤_٩_١٩

* دانتی : شاعیری «کۆمیدیای یەزدانی »

***

هەواڵنامەی کتێب

# ئەستێرە

بازگر

بڵێسەی کامە هەستەی وا بە نەرمی
لە ئاڵقەی قافیەی شیعرم دەپەڕمی
گزنگی بێ گەزەندی کامە خۆرەی
کە دامرکێنەری دەرد و کەسەرمی
وەرە با تێک نەڕووخێ کۆشکی ژینم
وەرە تاقانەکەی تیشکی ئەوینم
تەوژمی عەشقی من کوا هێند بوێرە
لە ڕەوتی پڕ لە جوانیت بگرێ سێرە
چ ئەستێرێک بڵێم وەک چاوی تۆیە
کە بێ ئەستێرەیە ئاسمانی ئێرە
وەرە با چۆڵ نەبێ جێگەت لە لای من
وەرە پێم بەخشەوە باڵی فڕینم
لەرەی دێ دڵ لە گەڵ لەرزانی پرچت
کە قیبلەی پەنجەمە خەرمانی پرچت
چ بێ ڕەحمە شنەی با ئەو دەمانەی
دەشەمزێنێ قەفی سەر شانی پرچت
وەرە بێ تۆ ژیانم بێ پشوویە
بە تۆوە هەست دەکەم خۆشبەختترینم
لە ژێر پێت نازەنین ئەی شۆخی ساکار
چ دڵ بزوێنەرە گوڵجاڕی کۆسار
بەهار تۆی دی کە وا شێت بوو لە داخان
بە تەرزە گوڵ ڕنینی خستە گوڵجار
دلم نایە بە توندی بت دوێنم
لە لرفەت خستووە تۆفانی قینم

٢٧-١-٩٣

***

هەواڵنامەی کتێب

## تەرح، گرافی، پەیکەرسازی

(هونەرمەندی ئەم ژمارەیە)

- ویدا عیزەتپوور.
- تەراح، وینەکیش و پەیکەرساز.
- سالی **۱۹۶۳** لە ئیران لە دایک بووە.
- سالی **۱۹۹۱** هاوکات لە گەل شەری خەلیج لە پیشانگایەکی گشتی دژی راسیسزم، لە سوئید، بە کارەکانیەوە بەشداری کرد
- سەربەرگی ئەم ژمارەیەی «هانا»، یەکیک لە پەیکەرەکانی ویدایە.
- ویدا لە سوئید لە مەدرەسەی هونەری «دومین» دەرسی خویندووە.

***

گوشەیەک لە رومانی

# ئافرەت لە خالی سفر دا

نووسینی : نوال السعداوی

وەرگێر: شنە عبدالله

.....بووم بە سۆزانیەکی سەرکەوتوو، زیاترین پارەم وەردەگرت. گەورەپیاوان پێشبڕکێیان بوو لە سەرم. جارێکیان یەکێک لە سەرکردەکانی دەولەتێک ناوی منی بیستبوو، بینیمی؛ دواتر داوای کرد کە بچم بۆلای. بەڵام من ڕازی نەبووم. دەمزانی کە وا زۆربەی سەرکردەکان لە بەرانبەر یەکتریدا ناشکێن، لە بەر ئەوەی کە لە ناخەوە تێک شکاون. ئاخر ئینسان ناتوانێ لە یەک کاتدا دوو جار بشکێ. هەر ئەوەش هۆی بەرز بوونەوەی بەردەوامیانە بۆ کورسیەکانی دەسەلات. ئەو فشارەی کە ئەمان بە سەر خەڵکدا دەیسەپێنن، وایان لێ دەکات کە هەست بە سەرکەوتن بکەن. هەستێک کە لە ناخەوە درۆینەیە بەڵام لە لای خەڵک وەک ڕاستی نوێنراوە؛ دیارە کە گرنگیش هەر ئەم بەشەیە!

ئامادە نەبوونی من بۆ ئەوەی بچمە لای، زیاتر پاڵی پێوە دەنا بۆ ئەوەی بە سەرمدا زاڵ بێت. هەر ڕۆژەی پۆلیسێکی دەکردە سەرم و منیش هەر ملم نەدەدا. هەر جارەی کابرای پۆلیس شێوازێکی تازەی لە گەلمدا بە کاردەهێنا. جارێک پارەیەکی زۆری دەخستە بەردەمم، جارێکیتر هەڕەشەی زیندانی لێ دەکردم. جارێکیان پێی ووتم: « ئەم ڕازی نەبوونەی تۆ سووکایەتیە بە کەسایەتی ئەو پیاوە مەزنە و کاریشی لە سەر پەیوەندیەکانی هەردوودەولەت باش نابێت؛ بۆیە نیشتمان پەروەریتی وا پێویست دەکات کە بچیت.»

من لە وەڵامدا پێم ووت: « هیچ شتێک دەربارەی نیشتمان پەروەرێتی نازانم، نیشتمان هیچ شتێکی بە من نە بەخشیوە، بەڵکو هەموو شتێکیشی لە من زەوت کردووە تەنانەت شەرەفیشم.» ئەوەی سەرسوڕهێنەر بوو ئەوەبوو کە کابرای پولیس چاوەڕوانی وەڵامێکی بەو شێوەیەی نەکردبوو، تووشی ڕاچڵەکینێکی گەورە بوو. هەر بۆیە پێی ووتم : « چۆن کەسێک دەتوانێ ڕێبازی نیشتمان پەروەرێتی وون بکات؟!» .

پێکەنینم بەو جیاوازی و ڕەوشتە دوو فاقیانەیە دەهات. ئەوان سۆزانیەک دەبەن بۆ پیاوێک و لە ڕاستیدا گەوادن؛ لە هەمان کاتیشدا زۆر بە ڕێزەوە باس لە نیشتمان پەروەرێتی و ڕەوشتەکان دەکەن. ئەو کاتە زانیم کە وا کابرای پۆلیس گوێڕایەلێکی ملکەچی فرمانەکانە. ئەو هەر فرمانێکی بۆ دەربکرێت، لای دەبێتە کارێکی نیشتمانی پیرۆز؛ جا ڕەوانەی زیندانم دەکات یان ڕەوانەی باخەڵی پیاوێک، هەردووکی یەک شتن. لە هەردوو بارەکەشدا، ئەو پێویستیەکی نیشتمانی پیرۆز جێ بەجێ دەکات. لە پێناوی ئەو ئەرکە نیشتمانیە پیرۆزەشەوەیە، کە سۆزانیەک میدالی شەرەف وەردەگرێ و ئیشەکەشی کە هەمیشە وەک تاوان حیساب دەکرێ، ئەمجارە بە پاڵەوانێتی لە قەڵەم دەدرێ.

من هیچ کات ڕازی نە دەبووم بچم بۆ لای یەکێک لەو پیاوە گەورانە، هەر لە بەر ئەوەش خستمیانە زیندانەوە. پارێزەرێکم گرت؛ پارەیەکی زۆرم دایە و لە زیندان ئازادیان کردم، پاش ئەوەی دادگا بڕیاریدا کە ئافرەتێکی زۆر بە شەرەفم. دواتر زانیم ئینسان بۆ بەدەست هێنانی پارەیەکی زۆر دەبێ شەرەفی وون

هەواڵنامەی کتێب

بکات. وە بۆ بە دەست هێنانی شەرەفیش پێویستی بە پارەیەکی زۆر هەیە. ئەم بازنە بۆشەش هەر وا لە سووڕان دایە.

بۆ جارێکیش هەستم نەدەکرد کە ئافرەتێکی بەد ڕەوشتم. ئاخر ئەم کارەی من دەستکردی هەر ئەو پیاوانەیە کە خاوەنی ئەم دنیایە و ئەو دنیاکەی تریشن. هەر ئەوانیشن کە ئافرەت ناچار دەکەن لاشەی خۆی بفرۆشێت لەپێناوی برێک پارەدا؛ تەنانەت هەرزانترین ئافرەتیش ژنەکانی خۆیانن.

هەموو ئافرەتێک سۆزانیە بە یەکێک لە شێوەکان. جا لە بەر ئەوەی کە من ئافرەتێکی تێگەیشتوو بووم بە باشم زانی کە سۆزانیەکی ئازاد بم، نەک دیل. هەر کاتێک لاشەم دەدەمە یەکێک، پارەیەکی زۆر وەردەگرم. هەر بەو پارەیەش کە هەمە دەتوانم باشترین خزمەت بۆ خۆم دابین بکەم. خزمەتکارێک ڕادەگرم تا جلەکانم بۆ بشوات؛ کەسێکی‌تر تا کو پێڵاوەکانم بۆ بۆیاخ بکات. دەتوانم باشترین پارێزەر بگرم بۆ پاراستنی شەرەفی خۆم و دکتۆری تایبەتی بۆ لە باربردنی منالەکانم. پارە دەدەم بە ڕۆژنامەکان تا دەنگ و باس و وێنەکانم بو بلاو بکەنەوە.

هەر کەسێک لە ژیاندا نرخێکی هەیە. بۆ هەر کارێکیش کە دەکرێ کرێیەک هەیە و بە پێی بەرز بوونەوەی پلەی کارەکەش، کرێ بەرز دەبێتەوە. نرخی ئینسانیش بە پێی بەرز بوونەوەی لە پلە و پایەی کۆمەڵایەتی‌دا زیاد دەکات. ڕۆژێک یارمەتی یەکێک لە دەستگا خێرخوازیەکانمدا؛ ڕۆژنامەکان ناو و وێنەکەمیان بلاو کردەوە، دەست نیشانی هەڵوێستی نیشتمانی شەریفانەی منیان کرد. وام لێهات، هەر کاتێک بم ویستایە تۆزقاڵێک شەرەف بەدەست بهێنم، هەندێک پارەم لە بانک ڕادەکێشا........

***

هەواڵنامەی کتێب

# خوشکەکان

نووسینی : ئالیکساندرا کولونتای

وەرگیر: یوسف ئەحمەد

ئەویش هەر وەک ئەو کەسانەی بو یارمەتی فکری و روحی و کردنەوەی گری پوچکەکانی ژیانیان دەهاتنە لام، بە دونیایەک حەسرەتەوە هات. چەند جار لە کوبونەوەکاندا تووشی ببووم. روخساری نەشمیلانە و پر مانا و چاوەکانی گەش و تا رادەیەک خەمبارن. ئەو روژەی هاتە لام لە جاران زیاتر بزرکابوو و چاوەکانی خەمبارتریان دەنواند.

ـ لە ئیوە واتر هیچ کەس شک نابەم... سێ حەوتوویە میچی بان سەرم ئاسمانە... بێ پارە و داهاتم؛ هیچم نییە پێی بژیم. کاریکم بو پەیدا بکە! ئەگینا تەنیا یەک ریگام لە پیشە، کولان...

ـ بۆ؟ خو تو کارت دەکرد؟ لە کار دەرکراوی؟

ـ بەلی کارم هەبوو، بەلام دوو مانگە بیکار کراوم... بە هوی منالەکەمەوە. کاتیک نەخوش کەوت ناچار بووم بو پەرەستاری لە ئەو جار و بار نەچمەوە سەر کار. سێ جار بە هێنانەوەی بەلگە و دەلیل، حوکمی دەرکرانەکەم بو ماوەیەک خستە دواوە. بەلام لە کوتاییدا دەرکرام و دوای تیپەربوونی دوو حەوتوو منالەکەشم مرد. •هیشتاش لییان نەپرسیومەوە و کارەکەیان نەداومەوە.

سەری داخستوە و بسکەکانی بە سەر چاویدا شورِ بوونەوە؛ دەلیی فرمیسک دەشارنەوە.

ـ بو دەرکرای ؟ کارەکەت جیی رەزامەندی خاوەنکار نەبوو؟

ـ بە پیچەوانە، کریکاریکی ئازا بووم. بەلام خاوەن کار ڕای وابوو کە ئیتر پیویستیان بە من نیە. پییان وابوو کە هاوسەرەکەم «ماکسیم» داهاتی باشی هەیە. ئێستا لە شیرکەتێک دامەزراوە و مەقامێکی باشی هەیە...

ـ ئەدی بۆ دەڵێی بێپارەی و هیچ شک نابەی؟ لە یەک جیا بوونەوە؟

ـ نا جیا نەبووینەوە. من بە جێم هێشتووە. خۆم لە چنگی رزگار کردوە و ئیتر ناگەرێمەوە. هەرچی بە سەرم دێ با بی؛ ئیتر مەحالە بگەڕێمەوە لای...

مژولە درێژەکانی ناتوانن بەر بە وەرینی فرمێسکەکانی بگرن...

ـ بم بوورە! دەمێک بوو نەمتوانیبوو بگریم... بەلام ئێستا... ئێستا کە شەریکیک بو غەمم پەیدا بووە، دژوارە بەر بە گریانم بگرم. ئەگەر بەسەرهاتەکەمت بۆ بگێرمەوە، ئەودەم باشتر لە دەردم دەگەی...

***

سالی **١٩١٧** لە جەنگەی شۆرشدا، بە یەکەوە ئاشنا بووین. ئەودەم «ماکسیم» پیتچنی چاپخانە بوو و خوشم لە چاپخانەیەکیتردا خەریکی کار بووم. هەر دوو بووینە لایەنگری بلشویکەکان. خاوەنی یەک بروا و ئاوات بووین:" لە ناو بردنی زۆرداران و بنیات نانی دنیایەکی یەکسان و ئازاد" و بۆگەیشتن بەم ئامانجە تیدەکوشاین.

هەردوو بە تەواوی هیزەوە بەشداری شۆرش بووین... لە رۆژەکانی دژوار و ئاستەمی مانگی "ئۆکتوبر"دا هەر دووکمان لە مەتەرێزی خەبات دابووین... لە گەرمەی شەر و لە ژێر قرمژنی شەستیردا، گولی خۆشەویستیمان پشکووت... بە هۆی کار و کوێرەوەریەوە لە فکری زەماوەندەدا نەبووین و تەنیا لە سەر کار یەکترمان دەبینی. هەرچەند دیدارەکانمان کورت و بە پەلە بوون بەلام گەش و پر لە هیوا و هومێد بوون. ئا بەم جورە بووینە هاوریی گیانی گیانی.

دوای تێپەربوونی دوو سال، دووگیان بووم و زەماوەندمان کرد. هاتنە دنیای منالەکەمان، بووە هۆی دوورکەوتنەوەم لە ژیانی ناو خەلک و کارگە. بە پێشنیار و پێشقەدەمی من و هێندێ لە دانیشتوانی گەرەک، بنکەیەکی ئاگاداری لە مناله ساواکانمان لە گەرەکدا پێکهینا. «ماکسیم» سەری بە دەم کارەکانی خویەوە قال بوو و هەرکات کاری ناو مال وەدوا دەکەوت ئەی ووت: "کار لە بنەماله گرینگترە..." بە دەگمەن دەهاتەوە مال... کاتێ بۆ نوێنەرایەتی بەرێوەبەری ئەنجومەن هەلبژیردرام، فەخری پێوە دەکردم...

ـ ئیستا ئیتر توورە نابی ئەگەر خواردنی ساردت لە پێش دانێم؟

ـ هە، خواردنی سارد ؟!... هەر خۆشەویستیت سارد نەبێتەوە! لەمەو بە دوا خەلکێکی زۆرملاقات دەکەی، وریای خوت بە!

جەفەنگمان دەکرد، بە جۆرێ کە دەتکوت لەم دونیایەدا هیچ هێزێ ناتوانێ خوشەویستی نیوان من و ماکسیم کز کاتەوە. ئێمە هەر هاوژینی ئاسایی نەبووین، بەلکو دوو هاوری بووین کە سوێندمان بە سەری یەکتر دەخوارد و دەست لە ناو دەستی یەک رێگەی ژیانمان دەبری و خاوەنی یەک ئامانج و ئاوات بووین. هاتنە دنیای کیژۆلە زیت و جوان و نەشمیلانەکەمان، باغی ژیانی هێندەی تر پر لە گول کردین.

ـ کەی و چۆن بەختتان وەرگەرا و ژیانتان گۆرا؟

ـ بە دوای ئەوەدا کە ماکیسم کاری بۆ دۆزیمەوە. لە سەرەتادا هەردووکمان رازی و دلخۆش بووین. ئاخر ئیمە زوردەست تەنگی و کوێرەوەری و ئازارمان چێشت بوو و جلک و بەرگمان رەنگیان بە بەرەوە نەمابوو و وەزعی ئابوریمان باش نەبوو. بەلام لە پر، نیگەرانی و پەرۆشی بناغەی ژیانمانی لەرزاند. بیرمان لە داخرانی بنکەی ئاگاداری لە منالان نەکردبووەوە و حاواندنەوە و ئاگاداری لە کیژەکەمان بوو بە کۆسپی سەر رێ. چیمان لە منالەکە کردبایە و کێ ئاگاداری لێ کردبایە؟

ماکسیم فەخری بە کارەکەی خۆیەوە دەکرد و پارەیەکی باشی وەردەگرت. هەر بویەش بریاریدا کە من چیتر کار نەکەم. بەلام من رازی بە دەست هەلگرتن لە کارەکەم نەبووم. لە گەل هاوکارەکانم راهاتبووم و لە کارەکەم رازی بووم و لە هەمووی گرینگ تر ئەوە بوو کە لە باری ئابووریەوە ئیتر سەر بە ماکسیم نەبووم. من هەر لە منالیەوە لە سەر پێی خۆم راوەستاوم و بژیوی خۆمم پەیدا کردووە.

کاتی وەزعی ئابووریمان هێندێ باشتر بوو، مالەکەمان گورِی و گوازتمانەوە مالێکیتر بە دوو هۆدە و متبەقێکەوە. ژنێکیشمان بۆ ئاگاداری منالەکە دۆزیەوە و زیاتر لە جاران خەریکی کارەکانم بووم. «ماکسیم» یش لە من سەر قالتر بوو و هەر شەوانە دەگەرایەوە مال.

***

ماکسیم لە لایەن شیرکەتەوە سەفەریکی سێ مانگەی خرایە بەردەم. کاتێ لە سەفەرگەرایەوە، تەواو گۆرابوو. دەتگووت بیگانەیەکە و هاتوتە لام. گوێی بۆ هەلنەدەخستم. بە دەگمەن دەیروانیە من. زور بە دەعیە ببوو

و فێری عەتر و ئودکولۆنیش ببوو! لە رابردوودا لە جەژن و شایی بە دەر،  قەت ئارەقی نەدەخواردەوە. ئەو دەم سەردەمی شۆرش بوو و خەلک هێندە حەساوە نەبوون. بەلام ئێستا... ئێستا کات زۆرە! کە هەوەل جار بە مەستی گەڕایەوە مال، زیاتر لەوەی نیگەران بم، ترسام : "ئەمە نە تەنیا تووشی نەخۆشی دەکا، بگرە حورمەتیشی لە لای خەلک دادەبەزێنێ."

بۆ بەیانی زۆر سەرزەنیشتم کرد. متەقی نەکرد. بە پەلە و بێدەنگ چایەکەی دەخواردەوە و هیچی نە دەووت. بی ئەوەی ولامم بداتەوە، رۆیشت و بەو کارەی دلی بریندار کردم. دوای تێپەر بوونی چەند رۆژێک، دیسان بە مەستی و بیحالی هاتەوە مال و سەد هێندەی‌تر نیگەران بووم. شەو ناچار بووم یارمەتی بدەم کە... ئەمە ناخۆشترین ئەزموونی ژیانم بوو. دیتنی ئینسانیک لەم حالەدا لە رادەبەر دلتەزینە، بە تایبەت ئەگەر ئەم کەسە خوشەویست‌ترین کەست بێ. بەیانی کاتێ دەمەویست لە گەلی بدوێم، بە سەریدا گوڕاندم. هەرچی ووشە بوو، بە نە ووتراوی لە قوڕگمدا چەقین...

رۆژ نەبوو بە مەستی نەگەڕێتەوە مال. هەر بۆیە کارەکەم بەجێ‌هێشت و لە مالدا مامەوە تا ئەو رۆژەی بە هوشیاری گەرایەوە مال. لە گەلی دوام. هەموو شتێکم پێ ووت، هەموو شتێ. پێم ووت کە ئیتر ناتوانین بەم جۆرە بژین؛ کە ئیتر وەکوو جاران هاورێی گیانی گیانی نین هەر چەند جیگەی خەویشمان یەک بێ... سەبارەت بە مالوێرانکەر بوونی مەستی و نەخۆشیەکانی‌یەوە قسەم بو کرد؛ سەرزەنشتم کرد، رەجام لێکرد، گریام... بەلام ئەو مات و بێدەنگ گوێی بۆ هەلخستبووم. ویستی بێتە گۆ، بەلام زوو رۆمرکایەوە و چی نەووت.

بە هیچ جۆری خۆم بو قانع نەدەکرا کە ماکسیم دەبێ لە گەل کاربەدەستانی شیرکەت هاوکاسە بیت. ئاخر ئەو لە هەموو بابەتێکەوە جیاوازی لە گەل ئەوان هەبوو. ئەوان بو وەدەسهینانی سوودی زیاتر، خەریکی هەزار فر و فێل بوون. بەلام ماکسیم بە تەواوی فەرقی بوو لە گەل ئەوان. ئاخر ئەو کرێکارێک بوو کە واتر لە هێزی کارەکەی هیچی‌تری نەبوو بیفرۆشی. ماکیسم روچوو بووە بیرکردنەوە. لە پر وەدەنگ هات:

- ئەم جورە ژیانە ناخوشە بو من، لە من نایەتەوە... نیگەران مەبە. قسەکانت هەموو راستن.

کاتێ دەیهەویست بروا، هاتە لام و وەکوو جاران، سەرمی گرتە ناو باوەشی و چاوی بریە ناو چاوم و ڕای مووسیم. ئەو روژە هیندێ ئارام بوومەوە و سوکناییم کەوتە دل و بەو پەڕی دلخۆشیەوە چوومەوە سەر کارەکەم.

هیشتا چەند روژ رانەبردبوو کە دیسان بە مەستی گەڕایەوە مال. کاتێ ویستم لە گەڵی بدوێم، رمب مستێکی لە مێزەکەی بەردەمی کوتا و ووتی:

- ئەمە پەیوەندی بە تۆوە نییە... هەموو وا دەژین! کەس بەری بە تۆ نەگرتووە!...

دوای ئەو قسانە وەدەرکەوت. بە دریژایی ئەو روژە ووچانم بۆ نەدرا. حەجمینم لێ هەلگیرا بوو، کاس ببووم و دەتگووت کیویک لە سەر دلم ڕۆنراوە: "ئیتر منی خوش ناوی؟ دەبێ چ بکەم، سەری خۆم هەلگرم و برۆم؟". ئەو روژە زووتر لە جاران هاتەوە مال و هەتا بەرەبەیان خەریکی ووت و ویژ بووین. ماکسیم زور باسی هاوکارەکانی، ژنە جوان و نەشیملانەکان و جل و بەرگە جوانەکانی ئەوانی کرد. باسی کرد کە هاوکارەکانی چۆن مامله دەکەن و باسی ئەوەی کە چەند سەختە بو ئینسانیکی کریکار خۆ لە گەل ئەوان ریک بخات و بە ئیشتیای ئەوان بجوولێتەوە. ئەم ووت و ویژە و چەشنی قسەکردنی ماکسیم، زور نارەحەتی کردم و ئازاری دام. ئازاریک کە قەت لە دەوری "تێزار"دا نەم دیبوو.

لە ڕۆژێکێ ئاوا دابوو کە بە هۆی کەم کردنەوەی کرێکار لە لایەن شیرکەتەوە، ئاگاداریان کردمەوە کە بێکار دەکرێم. بەم خەبەرە زۆر نیگەران بووم و لە گەڵ ماکسیم سەبارەت بەو مەسەلەیە دوام. لە جیاتی ئەوەی هاودەردیم لە گەڵ بکا، خۆشحاڵ بوو و ووتی :

ـ ئەم ماڵەی ئێمە تێیدا دەژین جێگای خۆمان نابێتەوە، چ بگا بە ئەوەی کارەکەریکیشمان هەبێ و کرێی بدەینێ.

ئەم هەڵویستەی ماکسیم نارەحەتی کردم و کەوتینە دەمەقاڵە. ووتی:

ـ دەزانی «تانیا»... ئەمە پەیوەندی بە تووە هەیە و گیر و گرفتی خۆتە! من بەر بە تو ناگرم. ئەگەر زۆر بە پێوستی دەزانی، دەتوانی بڕوی و کار بکەی! ..دوای ئەم قسانە وەدەرکەوت.

لەم هەڵویستە ناشیرینەی رەنجام. لەوە دەچوو کار کردنی من بە کەسری شانی خۆی بزانێ. بەڵام من بڕیارم دا کە کار بکەم و سەرباری کەس نەبم...

***

چوومە لای بەرپرسی شیرکەت و دوای باس و رەجای زور حوکمی بێکار کردنەکەم بو ماوەیەکی نادیار خرایە دواوە. بەڵام دەڵێی بەدبەختی قەت بە تاق نایە، چون هێشتا گیروگرفتی کارەکەم بە تەواوی جێ بە جێ نەببوو کە مناڵەکەم حاڵی خەراپتر بوو و پێویستی بە ئاگاداری تەواو وەخت پەیدا کرد.

شەوانە بە دیار مناڵەکەمەوە دادەنیشتم... هەستم بە تەنیایەکی مەزن دەکرد... نیگەران بووم. شەوێک کە تەنیا و خەمبار بە دیار کچەکەمەوە دانیشتبووم، لە دەرگایاندا. زانیم ماکسیمە. سەرەرای تەواوی ئەو شتانەی باسی کرا بە هاتنەوەی خوشحاڵ بووم، ئەگەر تەواو مەستیش بوایە. دەرگام لیکردەوە. سەرم سوڕ ما. ژنێکی تارادەیەک گەنج، سووراو سپیاو کردوو و مەستی لە گەڵ بوو...

ـ دەرگا بکەرەوە ئافرەت! هاورییەکم لە گەڵە... ببوورە...! مەگەر من چم لە خەلک کەمترە؟ ئەمشەو دەمانەوێ ڕاببوێرین ! تۆش نابێ ببیە مایەی نارەحەتیمان!... گوێت لێیە؟

تەواو مەست بوو و بە حاڵ خۆی لە سەر پێ ڕادەگرت. خوم ئەژنوم بێ هێز بوون. بە پەلە گەڕامەوە لای مناڵە نەخۆشەکەم و دەرگام لە سەر خۆم گاڵەدا. لە دیوەکەم دانیشتبووم و ئیتر «تانیا» ی جاران نەبووم. ئیتر ڕێز و حورمەتی جارانم نەمابوو. چ چاوەڕوانی‌یەک لە وەها ئینسانیک دەکرا؟... گوێم لە قاقا و پێکەنین و چپە و سرتەیان بوو. پێم خۆش بوو گوێیم بئاخنم، بەڵام لە بەر خاتری مناڵە نەخۆشەکەم نەدەکرا. ئاخر دەبوایە ئاگاداریم لێ کردبایە. هێندەی پێ نەچوو خەوتن. بەیانی کە لە خەو هەستا ژنەکەی بەڕێ کرد و دووبارە بۆی خەوتەوە. من بە درێژایی شەو نەخەوتبووم و هەر فکرم دەکردەوە...

کە شەوی دوایی هاتەوە ماڵ، هێندە بە روویەکی خوش پێشوازیم لێ نەکرد. خەریکی کاغەزەکانی بوو. هەردووکمان بێدەنگ بووین.

"دەیهەوێ وە قسە بێ. خەریکە وەک جاران لە خوی بگۆڕێ؛ خۆێ بە بەرپرسی ماڵ و خاوەن هەست و ئینساف بنوێنێ و دوای تێپەربوونی ماوەیەک دیسانەوە وەکوو خۆی لێ بێتەوە. نا، ئیتر لەوە زیاتر مل نادەم؛ ڕێگای خۆم دەگرم و دەڕۆم. بەڵام ئەمە بڕیارێکی دژوارە و چزە لە جەرگم دێنێ. ئاخر من خۆشم ویستووە و هاوڕێی لەمێژینەم بووە... بەڵام ئێستا... ئێستا ئیتر هەموو ئەو شتانە کوتاییان پێهاتووە و ئەو بو من مردووە..." وەدەنگ هات و خەیالمی بزرکاند:

ـ باڵتوکەت هەڵگرە و برۆ سەر کار!

کەچی لەناکاو دەهری بوو. پڕی دایە قۆلم؛ بالتۆکەی لێ ستاندم؛ ونجر ونجری کرد و تووڕی دا:

ـ بۆ کوێ؟ ئەوە چ مەکرێکن؟ چت دەوێ؟ چت کەمە؟ کەی پیاوێکی وەکوو منت بۆ پەیدا دەبێ؟! بەخێوت دەکەم؛ جل و بەرگت بۆ دەکەم؛ بۆ هیچ شتێکت نالێم نا...! تۆ حەقت نییە ئاوا لە گەڵ من بجوولێیەوە! تێدەگەی؟! کەسێ کە بیهەوێ ژیانیکی خۆش و دەولەمەندی بێ مەجبوورە ئاوا بژی!

یەک بین قسەی دەکرد. دەنگی لە گوێمدا دەزرینگایەوە و ئازاری دەدام. مەودای نەدەدا وەجواب بێم. دەتگوت دەیهەوێ گشت توورەیی، ئازار و کولی دلی بە سەر مندا هەلڕێژێ. لە پڕ قورگی ساف کرد؛ ئەهوەن بووەوە و هەر وەک لە گەل کەسێکا خەریکی ووت و وێژ بێ، دەنگی نەوی کردەوە. لە ئازاری دەروونی دەگەیشتم و دەمزانی چی لە ناخدا حەشار داوە. دەستم کرد بە دل دانەوە و ئارام کردنەوەی. داوام لێ کرد گشت رووداوەکە لە بیر خۆی بباتەوە. ئەو شەوە یەکمان گرتەوە، بەلام هەر چی کردم ئەو قسەیە :"تۆ نابێ نارەحەت بی و هەست بە بێ حورمەتی لە لایەن منەوە بکەی!" لە مێشکم نەدەچووە دەر و زور پێی نارەحەت بووم. بەلام هەر وەک ووتم، چ چاوەروانییەک لە ئینسانیکی وەها دەکرێ؟

تکام لێکرد کە هێندە نەخواتەوە. پیم ووت کە من نەک بە هۆی هێنانەوەی ژنیکی خوفروش بۆ مال، بەلکو بە هۆی ئەو حال و وەزعەی کە کەوتووەتە ناوی، نارەحەت و نیگەرانم و ئەوە بە وەژێر پێنانی حورمەتی خوم دەزانم. بەلێنی‌دا ئاگای لە خوی بێ و لەم جورە کەسانە دووری بکا.

سەرەڕای یەکگرتنەوەی دووبارەمان، بوغز و کینە هەر لە دلمدا مابوو. هەر بە راستی چ چاوەروانی‌یەک لە وەها ئینسانیک دەکرا؟ چۆن بوو هەموو جارێ ئەم قسە و باسەی لە بیر دەچووەوە؟ بەلام من هەر یەکەم جار کە بە مەستی دیتم دەروونم ئاوروژا. ئەگەر وەکوو پێشوو خاتری ویستبامایە و خوشەویستی من لە دلی‌دا کز نە بووایە، قەت لە بەرانبەر من دا هاوجێیی ژنێکی‌تری نەدەکرد. ئێستاش ئەو کاتەم لە بیرە کە یەکێ لە دەستە خوشکەکانم شێت و شەیدای ببوو. ئەو لە من شوخ و شەنگتر بوو. بەلام ماکسیم تەنانەت ئاوڕیکیشی لەو نەداوە. ئەگەر منی خوش نەدەویست، بوچی دەنگی نەدەکرد؟ جاریکیان ویستم لەم بارەوە پرسیاری لێ بکەم؛ تووڕە بوو و ووتی:

ـ تو شێت و نەزانی و مێشکت باش کار ناکا!

***

منالەکەم نەخوشتر بوو و هاوکات لە گەل ئەمە دیسانەوە مەسەلەی بێکار کردنەکەم هاتەوە گەڕ و ناچار بووم بە تکا و رەجا و هەزار بەلگە و بیانوو حوکمی بێکار کردنەکەم جاریکی‌تریش بخەمە دواوە...

روژ لە گەل روژ زیاتر لە ژیانی هاوبەشمان دەترسام. وەکوو بێگانەمان لێ هاتبوو و لە یەک نەبان ببووین. ئیتر هیچمان لە بارەی یەکترەوە نەدەزانی. جار و بار سەری منالەکەی دەدا. بە هوی ئاگاداری لە منالەکەم، کار و باری ئەنجومەنی گەڕەکیشم کەوتە دواوە. ئەو دەم ماکسیم کەمتری دەخواردەوە و بە هوشیاری دەگەرایەوە مال و قەت رووی لە لا نە کردم. هەر کەسە لە دیویک دەخەوت.

شەویک هاتە لام... بەلام نەهاتنی باشتر بوو.... ئیتر نەمدەتوانی لە سەر یەک جیگا لە گەلی بخەوم چون دەتگوت غەم و دەردی گشت دنیایان لە پال خزاندووم و بێ حورمەتیم پیدەکری. سەرجێیی دەکردم بێ ئەوەی پرسیارم لێ بکا و خواستی منی لە بەرچاو بێت...! ئاوا دەژیاین ... بێدەنگ و خاموش... هەرکەس بو خوی. هەرکام بە غەم و دەرد و ئازاری ناخسوتێنەر و تاقەتپرووکێنەری خویەوە.

لەم کاتە دابوو کە رووداویکی دڵتەزینی‌تر لە بناغەوە ژیانمانی هەلتەکاند و هەموو شتیکی گوڕی.

منالەکەمان مرد و لە کاریش دەرکرام. هیندێ کەس پێیان وا بوو، ئێستا کە لە خەمێکی ئاوا سەخت و دژواردا شەریکین، رەنگە ئەوە خوی ببێتە هوی گوڕانی ژیانمان. بەڵام نا؛ شتێکی ئاوا رووی نەدا و ماکسیم تەنانەت بو بە خاک سپاردنی کچەکەشمان نەهات. گوایە کوبوونەوەکی بە پەلە و لە ناکاوی بو هاتبووە پێش. بەم جورە دەبوایە تاک وتەنیا لە ماڵدا بمێنمەوە... بێکار... بێ داهات...

***

پاش ماوەیەک کاریکیترم بو پەیدا بوو. لە ئەنجوومەنی گەڕەکدا کار زور بوو، بەڵام چ کارێ؟ ئەوەش خوی موشکیلەیەک بوو. سەرەڕای ئەوەش ئەمرو دژوارە کارت دەست کەوێ. بێکاری سەرانسەری وولاتی داگرتووە. هەموو دەیانزانی کە ماکسیم خاوەنی مەقامێکی باشە؛ هەر بویەش بو زور کەس جێی پرسیار بوو کە من بو چی وا بو کار دەپاڕیمەوە. کەس بڕوای پێ نەدەکردم و تەنانەت لیم زەنینیش دەبوون.

تەواو لە یەک بێگانە ببووین و هیچ چارەیەک نەبوو. دەتولامەوە و خوێنی دلم دەخواردەوە. چاوەڕوانی توزقالیک نوور بووم کە تاریکەسەلاتی ژینمان روون کاتەوە. هیوادار بووم... ئێمە ژنان، دلیکی سەرشێتمان هەیە. هەستم دەکرد و دەمزانی کە ماکسیم مەیلی جارانی نەماوە و منی لە دونیای دلی هاویشتووەتە دەر. خوشم زیاتر هەستم بە بیزاری و رق دەکرد تا خوشەویستی. سەرەرای ئەوەش، جار جار بیرم دەکردەوە کە: "رەنگە روژیک ئەم ئازار و ژانە کوتایی بێ. رەنگە روژیک گولی ژاکاوی خوشەویستیمان بپشکوێتەوە، باخی خەزانلێداوی هوگری و ئەڤینمان دووبارە بژیێتەوە و تیشکی رووناکی، روخساری تاریک و رەشهەلگەراوی ئەم ژینە تاقەتپرووکێنە بشواتەوە".

هەموو روژی بەم بیر و خەیالانەوە لە خەو هەلدەستام و بە پەلە لە سەر کار دەگەرامەوە ماڵ، هەر بو ئەوەی نەکا هەست بە تەنیایی بکات. بەلام ئەم کارەی من هیچ تەئسیریکی لە سەر ئەو نەبوو؛ دەتگووت هەر لە مالیش نییە. رووی لە لا نەدەکردم، هەر وەک ئەوەی کە هیچ گیان لەبەرێک نەبینێ. سەری بە کارەکانیەوە قال بوو و دوستەکانی سەریان لێدەدا.

کە ئەم رووداوەی دوایی قەوما، بە جێم هێشت. ئەری من بە جێم هێشتوە... بە کورتی، لە ژیانی ئەو هاتوومە دەر و گەڕانەوە نیە...

***

جاریکیان لە کوبوونەوە گەڕامەوە. ماندوو و هیلاک بووم. سەرم بە کاری ناوماڵەوە گەرم بوو و چاوەروانی ئەو نەبووم. دەرگایان کردەوە. ماکسیم بوو. خەریکی ساز کردنی چایی بووم و لەو فکرەدا بووم کە پێی بلیم نامەی بو هاتووە. نامەکەم گرتە دەست و چوومە لای. وەک جارەکەی پیشوو ژنێکی گەنجی لە گەل بوو. هەردوو بەرەو من وەرسووڕان. دیتنی ئەو بە مەستی، کزەی لە جەرگم هینایەوە. ئەوەندە نارەحەت بووم کە خەریک بوو بقیژینم. نازانم چون توانیم بەر بە قیژە و هاوارم بگرم. بە ئارامی نامەکەم لە پێش دانا و گەرامەوە دیوەکەم.

تەواوی گیانم دەلەرزی. لەوە دەترسام هەست بە پەریشان بوونم بکەن و بێنە ژوور و بمخەنە سەر تەختی خەوەکەم. دەمهەویست گویم لە هیچ نەبی و هەست بە هیچ نەکەم. بیر و خەیال حەجمینیان لێ هەلگرتم. دەیان سووتاندم، دەیان تولاندمەوە. سرت و خورتیانم دەبیست... نەدەخەوتن. دەنگی ژنەکە بەرزتر بوو. "رەنگە هاورێی بێ. رەنگە ماکسیم پێی نەووتبێ کە لە گەڵ من دەژی؟ رەنگە هێشتاش حاشا لە بوونی من بکا؟» بیرم لە گشت

هەواڵنامەی کتێب

ئەمانە دەکردەوە و دەتلامەوە.

سەرەڕای ئەوەش عەزاب و ئازاری ئەم جارەیان سووکتر بوو هەرچەند زور تال و بەژان و برک بوو. بۆم دەرکەوت کە ئیتر منی خۆش ناوێ ... تەنانەت وەک هاورێیەک، خوشکیک، ئەگینا چون ریگەی بە خوی دەدا لە عوزوری من دا سەر جێی ژنێکیتر بکا... ئەویش چ ژنیک! لەوانەی لە کولانەکان رادەوەستن و لەشیان دەفروشن. لە پڕ نەفرەتێکی بێ سنوور سەبارەت بەم ژنە سەر تا پای داگرتم. پێم خۆش بوو پیلی بگرم و بیخەمە دەر.

تا بەرەبەیان خوینی دلم خواردەوە. ئارامم نەبوو و خەو نەدەچووە چاوانم. دەنگ لە وەتاغی پەنا دیوەکەی من برا. لە پر گوێم لە ترپەی پێی کەسێ بوو. زانیم ژنەکەیە. دەرگای متبەقی کردەوە. لە چی دەگەڕێ؟ گوێ قولاغ بووم... نەهاتە دەر... بە پەلە چوومە متبەق. لە سەر سەندەلییەک بەرامبەر پەنجەرەکە دانیشتبوو و هوتە هوّن دەگریا. سەری هەلبڕی و چاوی بڕیە چاوم. ئەوەندە غەم و پەژارە لە چاوانی دەباری، ترسم رێنیشت. چوومە لای، ئەویش هەستا و بەرەو من هات. ووتی:

ـ داوای لێبوردنت لیدەکەم! من وەمزانی بە تەنیا دەژی... خۆم بە تاوانبار دەزانم... زۆر سەختە بۆم...

لێی حالی نەبووم. بە خۆمم ووت : "ئەم ژنە، هەرزە نییە؛ هاوالێکە». بێ ئەوەی ویستبێتم لە زمانم دەرچوو:

ـ خۆشت دەوێ؟

ـ دوێنێ بۆ هەوەل جار لە ژیانمدا تووشی بووم. بەلێنی پارەی باشیدا پێم. پیم وابوو بەختم گرتوویەتی... کەسێک بێت و پارەی باشت بداتێ...

هەموو شتێکم باش لە بیر نەماوە. بە وردی بۆی گێرامەوە کە چۆن سێ مانگ لەوە پیش بێکاریان کردبوو و ناچار ببوو دار ونەداری بفروشێ. بێ مال و حال ناچار ببوو بۆ لە مەرگ نەجاتدانی پیرە دایکەکەی لەشی بفرۆشێ و بە هیوا بووە ئەگەر بەخت یار بێ "هاوسەرینێکی باش و دەوڵەمەندی دەست دەکەوێ". ئێستا جل و بەرگی جوان و رازاوەیە... تێر و تەسەلە... پارە بۆ دایکی دەنێرێ... ئەوە دەگێرێتەوە و دەستی رێک دەگووشێ ...

ـ مەدرەکی (شەهادە) خوێندم هەیە... باشم دەخوێند... زۆر گەنجم، نوّزدە سالانەم. بۆ دەبێ لەم زەلکاوەدا نوقم بم؟

رەنگە بروام پێ نەکەی، بەلام من بە گیان گوێم بۆ قسەکانی راگرتبوو و هەستم بە دەرد و ژان و ناسۆری دەروونی دەکرد. تێگەییم کە ئەگەر منیش لە وەزعی ئەودا بامایە تووشی ئەم رۆژە رەشە دەهاتم...

شەو، کاتێ لە سەر جیگاکەم راکشابووم، نەفرەت وکینە سەبارەت بەم ژنە لە دەرونمدا شەپۆلی دەدا؛ بەلام ئێستا گشت رق و نەفرەتم رووی لە ماکسیم بوو. چۆن توانیویەتی ریگە بە خۆی بدا و کەلک لە دەستتەنگی و وەزعی زەلالەتباری ئەم ژنە بێدەرەتانە وەرگرێ؟... بەلێ، لە جیاتی ئەوەی کە کاربەدەستیکی بە هەست بێ؛ هەست بە بەرپرسی بکا و یاریدەری هاورێیانی بێکاری بێ، دەچێ و بۆ دامرکاندنی هەوا و هەوەسی خۆی، لەشیان دەکڕێ. ئەم رووداوە ئەوەندە نەفرەت بار بوو کە دەست بەجێ بڕیارمدا لە گەل وەها ئینسانێ نەژیم.

زۆر قسەی بۆ کردم... پێکەوە سەماوەرەکەمان تێ هاویشت و چاییمان ساز کرد. ماکسیم هەر خەوتبوو. لە پڕ کەوتە پەلەی رۆیشتن. پرسیم:

ـ پارەکەت لێ وەرگرتووە؟

هەواڵنامەی کتێب

سوور هەڵگەڕا. ویستی قانعم بکا کە دوای ئەم قسە و باسەی بوومانە، ناتوانێ پارە وەرگرێ. دەیهەویست بەر لەوەی ماکسیم لە خەو هەستێ بڕوا. هەستم کرد کە پیم خوش نیە وا بە زوویی لە گەڵ ئەم ژنە جیا ببینەوە... دەتگوت خزمێکی زۆر نزیکمە... زۆر گەنج بوو... و چارەڕەش... تەنیا. جلەکانم لە بەرکرد و لە گەڵ ئەو چوومە دەر. مەودایەکی دوور و درێژ پیاسەمان کرد. لە پارکێک دانیشتین و دیسانەوە خەریکی ووت و وێژ بووین. منیش باسی ڕەنج و دەرد و داخ و تولانەوەی خوّم بوّ کرد. دوایین مەعاشی مانگانەم هەر پێ مابوو. داوام لێکرد لێم وەرگرێ. لە پێشدا وەری نەدەگرت؛ پاشان بە شەرتێ وەری گرت کە کاتێ پێویستیم بە پارە بێ لێی وەرگرمەوە. بەم جۆرە وەک جووتە خوشکێک لە یەک جیابووینەوە.

***

هەست و سوّزم سەبارەت بە ماکسیم بە تەواوی مرد بوو... ئیتر هەستم بە بێ حورمەتی و ئازار و ژان نەدەکرد؛ هەر وەک خستبیتمە ناو گوّڕەوە وابوو. کاتێ گەڕامەوە ماڵ دیسان ویستی وەک جاران ڕەنگ بگوڕێ و قانعم بکا کە بووەتەوە پیاوەکەی جاران. بەڵام من وولامم نەدایەوە... نە گریام، نە وطیفەتم وێدا.

ڕوّژی دوایی چوومە لای یەکێ لە دەستەخوشکەکانم و کەوتمە شوێن کار. سێ حەوتوویە بە شوێن کارەوەم بەڵام کار نییە. کاتێ زانیم دەستەخوشکەکەم هێندە بە بوونی من لە ماڵەکەیدا خوّشحاڵ نییە، چوومە لای ئەو ژنەی ماکسیم هێنابوویە ماڵ. بەڵام ڕوّژیک بەر لە چوونی من بردبوویانە نەخوّشخانە... ئێستا ئاوارەم... دەخولێمەوە... بێکار، بێ پارە و بێ هیچ سەر پەنایەک. توّ بڵێی داهاتوویەکی وەکو ئەو ژنە چاوەڕوانی منیش بێ؟

***

چاوی ملاقاتچییەکەم برسێتی، دوودڵی، ئازار و ژان و حەسرەتی لێدەباری. دەتگووت هەرچی غەمە، هەرچی حەسرەتە، هەرچی زەجر و ئازارێ کە ژنانی بێکار و لە کار دەرکراو لە ئاست دوژمنی - بێکاری - دا دەیکێشن لەم نیگایە دا خوّ دەنوێنێ. نیگای ژنێکی تەنیا و ڕاساو لە ژیانی ڕابردوو...

ڕوّیشت، بەڵام نیگاکەی هەر بە شوێنمەوە. ئەمە وولامێکی پێویستە. ئەمە فەرمانی هەستان و گوّڕین و خەباتم پێدەدا ...

***

بەشیک لە رومانی:

# سارا

نووسینی: **عەلی کتابی**

ئەحمەد چوتە ناو بەحری بیر کردنەوە. دیمەنی دنیایەکی نوی کەوتوتە ناو میشکیەوە. پاش چارەکە سەعاتیک سکووت، دێتە قسە ودەڵی:

ـ ئەگەر روژیک ئەمن وەدووتان کەوتم لە کوی و چون بتان دوزمەوە؟

ـ کورِم با پیت بلیم، ئەتو بەو خوو و خدە، و بەو خولقە خوش و شیرینەوە، دلنیام ناگەیتە لای من! چونکە ئەگەر تو بگەیتە گەرمین، دەس‌دار دەتبات و بی دەس تماشات دەکات. بەلام ئەگەر هاتی لە گوندی "وەڵەسنت" لە بناری شارەزوور، یان لە گوندی "حاسل"و "سەراوی سوبحاناغا" یان گوندەکانی "قوماش و سویلەمیش" بە تایبەت گوندی "کەڵوران"، هەر بلیی مام کەریم کەڵورم گەرەکە، هەموو کەس دەمناسی لە هەر کوێ بم، پێت دەڵێن.

شەوگار پالی بە نیوەشەوەوە داوە. پوورامین پر دوو گلینە، سنجوو و گوێزی ئازای تایبەتی "گوێزەکانی دەرەکوردان"ی لە پەنای حەمە چکولدا داناوە و بە بەیت و باو و بالورەی کوردەواری دەیلاوینیتەوە و دەڵی:

یاخوا بە خیر بێن میوانی ئازیز * یا بە روژ بەهار یان بە شەو پایز

ـ دا دەی کچم سارا گیان، لولینەکە پر بکە لە ئاو و ئەو سوینەیەم بو بینە؛ با حەمە گیان هەستینین؛ دەم و چاوی بشوین؛ با لەم شەوچەرەی شەوگاری پایزەدا، بەشداریمان بکات.

ئیستا حەمە چکول، لە خەو هەستینراوە، دەست و دەم و چاوی پاک و خاوین شورراوە؛ گشت ماندوویی و شەکەتی ریگە لە لەشی تارینراوە. دیسانەوە باوکی دەداتە بەر پرسیار و دەلی:

ـ بابە گیان ، ئیرە گەرمینە؟

ـ ناوەڵلە کورِم بەلام ئیشالله بەم زوانە دەگەین. پوورامین پر کوشی حەمەی کردوە لە گویز و سنجوو و دەلی:

ـ حەمە گیان من گویزت بو بشکینم، یان بو خوت دەیانشکینی؟

ـ ناوەڵلە دەبی دادە سارام بومان بشکینی، خو هەموو کارەکان هەر ئەو دەیکات.

مام کەریم کە بە زوربەی پرسیارەکانی ئەحمەد وەلامی داوەتەوە، خەو شلی کردوە؛ تاوێ نە تاوێ ریشی سلاویکی سینگی دەکات. ئیستا دەبینی حەمە هاتوتەوە سەرخوی، لە گەل پوورامین‌دا سەری ئاشنایی داخستووە و قسەی ژیکەلە ژیکەلە بو پوورامین و سارا دەکات. بە دەم هەڵیت و پەڵیت و بەڵی ووتن لە جوابدانەوەی ئەحمەددا، خەو بە لایدا دینێ و هەزارسال. خۆ سەلمەیش دەمێکە خەوتووە.

ئیستا ئیتر، میوان و خانەخوێ، بە تایبەت سارا و پوورامین وردە وردە هەوری چلکنی نامۆیی لە ئاسمانی خەیالیاندا، بە دەس شنەبای "هیوای" پاش نیوەشەوی دوور و دریژی پایزی، خەریکە پەرش و بلاو دەبیتەوە. سارا دەلێی لە خەو و خەیالیکی خوش راچلەکیوە و بە حەوت ئاو بسکەکانی شوریوە و شانەی کردوون. پرچی رەشی دەلیی رەشمارن؛ بەشیک بە ناو شان و بەشیک شورِ بوونەتەوە سەر سینگ و مەمکی تازە لیرکردووی‌دا.

ئەو شەوە، شەویکی شازە لە میژووی ژیانی دوو بنەمالەی هەژاردا؛ هیوا و هومید و بیرەوەریەکی شیرین تیکەلاوی خوینی شادەمارەکانی لەشی سارا بووە. سارا تەنیا لە خەیالیک، بەلام خەیالی دەروونی ئەحمەد لفەدوانەیە. سارا لە تاو ئەوینی بەژن و بالای ئەحمەد خەو لە چاوە جوانەکانی‌دا، بە تەواوی باری کردوە. ئەحمەدیش وەک لە ژیر عەرزەوە تازە هاتبیتە سەر زەوەی، یان لە کورەیەکی‌ترەوە هاتبیتە ناو دنیایەکی نوێ.

سارا گویز دەشکینی و کاکلە لە پیست جیا دەکاتەوە و دەیکاتە ناو تەشپیەکی گلینی نەخشینراو و لە بەر دەستی ئەحمەد و حەمەی برای دایدەنی؛ مەعازەللە خوی میلاکی ناکات. کە تماشای لەخت و لاری ئەحمەد دەکات دەلیی بە چەپکە ریحانە ئاوپژینی دلی دەکەن.

بە شەقەی بال و قووقەی کەلەشیرە سووری ناو کولانەکەی پەنای دەستیان زانیان، پارشیو کەرانە. زورتر لە دوو سەعات شەوی نەماوە و کەس ئاگای لە رابوردنی کات نیە. سارا بە دلی پر لە هیوا و هومید بە بەژن و بالای ئەحمەد و پوورامینیش لە خوشی میوان و میوانداریەک کە قەت بە چاو نەی دیتوە. بە تایبەت لە خوشی هاتنەوە سەرحالی حەمە چکولی تازە هەتیو کەوتوو. حەمە ئیستا هاتوتەوە حال و لە گەل ئەحمەددا ئاخاوتن دەکات و کاکلە گویز و سنجو دەخنێتە دەمی سارا و دەلێ:

ـ دادە سارا گیان ئەوە بو بۆخۆت ناخۆی، هەر بو من و کاکە ئەحمەد پاک دەکەی؟ بە خوا دەبێ تۆیش و پوورامینیش لە گەلمان بخۆن.

پوورامین روو دەکاتە ئەحمەد و دەلێ:

ـ ئۆخەی لە خوا بە زیاد بێ، ئەوە حەمە گیانە ئاوا قسەی حەمتولە حەمتولەمان بو دەکات. ئیوارە دەتگوت بەرخە کورپەی لە شیر براوە و کەسیرە کەوتووە، ئیستا ژیاوەتەوە. خەریکە کاکلە و سنجوو دەرخواردی من و سارا گیان دەدات. بە سەر هەر دوو چاوم. لە گەلت دەخۆین، چون بێ دلیت دەکەین. دا دەی سارا گیان بێ دلی حەمە گیان مەکە. کاکلە گویز بخۆ.

کولانەی مریشکەکانی پوورامین لە پشت درگای چەپەرە بە شیاکە سواخ دراوەکە، لە دیوی ناوەوەی مالەکە دایە. مام کەریم لە شەقەی بال و قووقەی کەلەشێرە سوور، ڕادەچلەکێ و ئەم شانەوشانیکی بودەکات و دیسانەوە، سەرەمڕ لێی دەخەوێ.

پورامین دەلێ:

ـ سارا گیان درەنگە بە قوربانت بم، با بخەوین، خۆ ئەحمەد گیان دەبێ بەیانی زوو خۆی بگەیەنێتە پەچە، ڕانەکەی ڕا دا. سارا دەس دەکاتە کوڵەکەی باوکی دا، دوو جاجمی کون و پینەکراو دەردێنێ. بە پێخەفی دوو مال بڕێک کورسیەکە پۆشتە دەکەنەوە، خۆیان دەخزێننە ژێر کورسی گەرم، کە دەلێی لە باتی گەمرە، بە داربەڕووی "ناو خوان" تاو دراوە. نە ئەحمەد و نە سارا خەو ناچیتە چاویان. سارای بیچارە، هەتا بەیانی بە خەیال، دەیان جار خۆی بە بووکی لە باخەلی ئەحمەددا دەبینێ. هەر بە تەمایە ئەحمەد لە ئامیز بگرێ، بەلام ئەوەی ئەحمەد بیری لێ دەکردەوە، سەدێکی پۆلاین بوو. بەلام هەر ئەوە نیە کە سارای شێت کردووە. ئیستاکە بێ ئەوەی بارگە و بنەی

خەیالی سارا بگاتە هەوار، هەوای بەر کولاوکەی ماڵەکە خەریکە روون دەبێتەوە!

سارا پەیتا پەیتا هەناسە هەڵدەکێشێ. ئەحمەد لە بەرابەر گڕ و بڵێسە و بۆچەکی ئەو هەناسە سووتێنەرانەدا، قورس و قایم خۆی رادەگرێ و بە هیچ کولوجێ تەسلیم نابێ. سارا سەرەنجام دەکەوێتە ناو بەحری بیرکردنەوە، خۆی بە خۆی دەڵێ:

ـ بە خوا من بێ ئەقلم. کوا رەسمی پیاوی بە شەرەفە، هەستێتە سەر جێگای میوانی خۆی! ئای کە لەو دڵە کۆسکەوتووەی من، ئەمشەو چ گرۆیکی لێگرتووم؟ جا بەس نەبوو بە قسەم نەکرد. خۆ ئەگەر... بەیانی و دوا رۆژ چۆن بم نوارییایەتە ناو چاوی ئەحمەد. ئەمن چووزانم دەزگیرانی قەستەم خواردەی نەبێت؟ چۆن دەبێ نەی بێت؟ هەمدیس هەناسەیەکی هەلکیشا بەلام برێک بە سپایی. ئەو گۆرانیە فولکلورە کوردیەی هاتەوە بیر کە دەلێ:

نەسیحەت بێ ئەی دلداران عاشق مەبن بە رێبواران

لە کاتیک دا سارا ئەم گورانیەی لە دلی خویدا دوو پات و دەپات دەکردەوە، رووناکایی لە کولاوکەوە، خوشیوەتە ناو مالەکە. ئەحمەد ئەم شانە و شانیکی بۆ دەکات. کە هەلدەستێتە سەر پێ، سارا هەناسە لە خۆی دەبرێ، پر بە دل نیگەرانە نەکا ئەمە دوا لەحزە بێ، ئیتر ئەحمەد نەبینێتەوە. خۆی لە دلی خۆیدا دەلی:

ـ تۆ بڵێی بانگی باوکم نەکات خواحافیزی لێ بکات. لە کاتێکدا دەیان پرسیار و تۆ بڵێی، دلی سارایان جەنجال کردوە، ئەحمەد راسا؛ سووک چمکی پلاسەکەی سەر دایکی هەلدایەوە، کە لە نیوان سارا و سەلمەدا نوستوە. زور بە سپایی دەستێک دەژەنێتە دایکیەوە. وەخەبەری دێنێ و دەلێ:

ـ دایە گیان، ئەوا من دەرۆم بە لای مەڕەکەمەوە؛ بەلام بە قوربانت بم، ئەمرۆیش میوانەکان مەرەخەس نەکەی. تو خوا با حەمە و سە لمە برێک بحەسێنەوە. دایک دە لی:

ـ دەک دایک بە قوربانی کەوشەکانی خۆت و میوانەکانت بێت؛ بە سەر هەرتک چاوم. برۆ ئارخاین بە، لە گەل سارا گیان ئاویان بۆ گەرم دەکەین، سەر و مل و لیباسەکانیان دەشۆین. باشە بەندی دلی دایکی خۆت؟

ـ ئەرێ وەڵلە، جا چ لەوە باشترە. بە خوا وەک هەزار حەجت کردبێ وایە.

هێشتا هەوا تاریکە. ئەحمەد تۆشەبەرەی لێ لە پشت دەبەستێت و دەست دەداتە گۆچانەکەی لە مال دیتە دەرەوە. سارا بە بیستن و بینینی ووت و وێژی نیوان دایک و کوڕ، وەک بێچوە ئاسکێکی سرک و سووک، بە ئەسپایی لە ژێر چمکی پلاسەکە دیتە دەر. ئەوەی ئاوی شەو مەنەی ناو گوزە و گلینە و دەفر و دامانی مالی پوورامینە، گشتی دەرێژێ. بە جووتێک گۆزەوە، خۆی دەگەیەنێتە سەر کانی. تازە تاق و جووت ژنان و پیاوانی سەحەرخێز، بەرە و حەوز و کانی وەئاخیز کەوتوون. پیاوان پەلە پەل بو وسل و دەسنویژ؛ ژنانیش بە مەبەستی دوولانە، نوێژ و ئاوهێنان. پیاوان بە هۆی شەوکاری پاش نیوەشەوی ناو نوێنیانەوە خۆ بە حەوزی مزگەوتدا دەکەن. بەلام بە پیچەوانەی پیاوان، ژنان شوێنی وسل کردنیان نیە، ناچارن لە نوێژی بەیانی چاوپۆشی بکەن. تەنیا کچان و پیرێژنانن، لە سەر بەردەنوێژی سەرکانی دەست بە دۆعا بۆ بەخت و دنیا و قیامەتیان دەپارێنەوە.

ژنیکی بە سالاچوو کە کولوانەکەی لە پشتەوە بە سەر سەریدا شور کردوتەوە، خەریکی ئەلحەمد و تەحیاتە؛ بە دیتنی سارا سلاوی نوێژەکەی دەداتەوە. دەست دەژەنێتە ژنێکی پەنا دەستیەوە و دەلی:

ـ ئەرێ ئەم کچە غەوارەیە کێیە؟ خەریکی دەست و دەم و چاو شتنە، خۆ بویشی پیوە ناوە، بۆ چی دەسنویژ ناگرێ؛ نویژ ناکات؟

ـ وەڵڵا نازانم هەر ئەوەندە دەزانم لە ماڵی پوورامینەوە هاتە دەرێ.

سارا ڕاسا و سڵاوێکی ئاوقەی حازرانی سەر کانیەکە کرد و جووتە گۆزەی نایە سەر شان و وەک بارە کەوی تازە خاڵ و میل ڕەشتوو، خێرا خۆی کردەوە ماڵی پوورامیندا؛ ئاورێکی بۆ دەکاتەوە، کتریەیە ڕەش وەسەردەنێ، چەن هەنگاوێک زیاتر لە کەوشەنی بەر و بەردرگای ماڵی پوورامین ئاو ڕشێن دەکات و دەیماڵی؛ بۆ هەموو پیاوان و ژنانی نوێژکەر و سەحەرخێز جێگای سەر سوورمانە. لە مزگەوت و سەرکانی مقۆمقۆیە، یەکتر پرسیار باران دەکەن و دەڵێن:

ـ ئەری ئەو کچۆڵە ژیکەلە هی کێیە لە ماڵی پوورامیندا!؟ داخوا لە کوێوە هاتووە. خۆ پوورامین و مام ئاغەجان هیچ کەس و کارێکیان نەبووە تا بێنە ماڵیان و دیدەنیان لێ بکەن!؟

ئەم پرسیارە بێ وەڵامە، مەتەڵەیەکی هەرگیز هەڵ نەهێنراوە. چونکە تا وەکوو ئیستا کەس میوانی بە ماڵی پوورامینەوە نەدیوە. کچولەیەکی ئاوەها ژیر و ژۆل و گورج و گۆڵ و شارەزا بە کار و باری گوندنشینیەوە، بو هەموو هاوسێ و دراوسێ، جیگەی سەرنجە.

هێشتا پوورامین لە خەو هەڵنەستاوە، تەشت و تەنەکە و سوێنە لە ئاو پڕکراون. مەنجەڵێک ئاوی وەسەرناوە و ئاوری وە ژێرداوە، چون دەیهەوێ جل و بەرگی باب و خوشک و براکەی بشوات؛ ئەنجا بە سپایی بانگی پوورامین دەکات و دەڵێ:

ـ هەستە پوورێ گیان بە قوربانت بم با نوێژەکەت نەچی.

کە پوورامین هەستا و خۆی گەیاندە سەرکانی، هێشتا هەتاو نەکەوتووە. ژنان پوورەی پوورامینیان دا و پرسیاربارانیان کرد.

ـ ئەرێ ئەو کچە کێیە لە ماڵتان؟ لە کوێوە هاتووە؟ بەشکەم بەختی خەواڵووت خەوی لێ زڕابێت و ئەو کچۆڵە نازدارە بووکی ئاواتت بێت؟

پوورامین کە دەڵێی ئاو پڕژێنی دڵی دەکەن دەڵێ:

ـ خزمینە ئەگەر هەزارێک شتێکی باشی وەچنگ کەویت، گشت کەس گوێ قوڵاخ بۆی دەوەستن؛ بۆیان پرسیارە و پرسیار بارانی دەکەن و دەڵین ئەوەت لە کوێ بوو. بەڵام خۆ بو ئێوەی دەولەمەن کە هەرچی ڕوژە هەزار شتی تازەتان وەچنگ کەوێت، تەنیا پیروزباییتان پێ‌دەڵێن. ئێوە ئەو هەموە میوانەی شاری و دیهاتیتان دێت، کەس ناڵێ ئەو میوانانەتان لە کوێ بوو! بەڵام ئیستا ئێوە چوارچاوتان کردووم. من نازانم سەرەتا وەڵامی کێتان بدەمەوە؛ لە جوابی هەمووتاندا دەڵیم:

میواتێکی ئاوارەی ماڵ بە کۆڵی کوست کەوتوومان هەیە. ئەوە کچی ئەو کابرا ئاوارە و ماڵ بە کۆڵ و لێقەوماوەیە کە هەر هەموو سامانەکەی **٣** منداڵی ڕەش و ڕووت و تەلیسێک پڕوو پیتاڵە بە کۆڵیەوە. ئەمرۆکە، بە هەڵکەوت بۆتە میوانی ئێمە. سبەی خوا دەزانی لە کوی دەگیرسیتەوە. منداڵێکی نەخوشی پییە ئینسان ئاگری تیبەر دەبێ بوی.

تا پوورامین لە کانی دەگەڕێتەوە، سارا خوی بە سڕ و سیپاڵ شوردنەوە خەریک کردووە. کە چاوی بە بەر و بەردرگای گەسک‌دراو و ئاو ڕشێن‌کراو کەوت دەڵێ:

ـ بە قوربانی چاوەکانت بم، برێک ڕاوەستە با برا و باوک و خوشکەکەت لە خەو هەستن و پێکەوە بەرقلیاتێک بخۆین، جا منیش یارمەتیت دەکەم، خو هەر نەبێ ئاوت بە دەستدا دەکەم.

هەواڵنامەی کتێب

ئیستا حەمە و سەلمە و مام کەریم لە خەو هەستاون؛ دەست و دەم وچاویان شۆریوە. وەک خێزانی ماڵێک لە دەوری ئاوری کوانوەکە، کۆبوونەتەوە و خەریکی نان و چا خواردنن.

پوورامین روو دەکاتە مام کەریم و دەڵێ:

ـ مام کەریم گیان ئەحمەدی کوڕم پیی ووتوم ئەمڕو و سبەیش مەرەخەستان نەکەم. نابێ لێرە تەکان بخۆن. منداڵەکان زۆر شەکەتن با برێک بحەسێنەوە. جل و بەرگ و سەر و ملێکیان بشۆین ئەوساکە خواتان لە گەڵ.

تەندوور هێڵە هێلیەتی. هەر دەڵێی لە باتی گەمرە، داربەڕووی شلێر و ناوخوانی تێخراوە. قوڵتە قوڵتی قازانە ئاو؛ کەوشکەنە چکۆلەی پشتی درگاکە کراوەتە سەرە شۆرگە. سە لمە لە کانی ئاو دێنێ و سارا خەریکی جل شۆرینە. پوورامینیش گوریسێکی حەوبالی بە گوێسەوانەکەوە ڕایەل کردووە خەریکی جل هەڵخستنە. مام کەریم دەچێتە دەرێ و مالیان بۆ چۆڵ دەکات تا پوورامین و کچەکان بە کەیفی خویان سەر و ملیان بشۆن. سارا کراسێکی پوورامینی لە بەر کردووە. لە تەوقی سەری تا پەنجەی پێی خۆی و خوشک و براکەی شۆریوە. چاک چاک خۆیان حەمام لەمی کردووە.

ئیستاکە تەنوور دامرکاوەتەوە. سارا گونک دەگرێ و تیری دەکاتەوە. پوورامین نان بە تەندوورەوە دەدات و دەڵێ:

ـ سارا گیان، کچە شیرینەکەم، هەشت نۆ گونک هەویرم بۆ بێڵەوە، مەیکەرەوە تیری، با تولتولە تەندوریەک بۆ نیوەرو دروست کەین. خۆ لە بەر شیوکردن نەمان پەرژاوە کەوچکێک چێشت لێ تێین.

کە نان و چای نیوەڕۆ خورا، سارا هەموو جل و بەرگەکانی کۆ کردنەوە، کردنیەوە بەر خوی و خوشک و براکەی. ئیستا حەمە چکول مل و لاجانگیەکانی پاک و خاوینن و ورشە ورشیانە. هەر دەڵێی ئەو سەر و سیمایەی دوێنێت لە سەر لابردووە و سەر و سیمایەکی نوێت پێوە ناوە. سارا و سەلمەیش هەر ئەوتۆ. ئیستاکە مام کەریم راکشاوە. سارا دوو شەو و دوو روژە وەنەوز نەچوتە چاوی. پەیتا پەیتا چاوەکانی لێک دەنێ و چەناگەی سلاوی سەر سینگ و مەمکۆڵەی تازە وەک هەنار هەڵتۆقیوی دەکات. مام کەریم تیگەیشت، ئەگەر سارا سەرخەوێک نەشکێنێ شەوەکی ناتوانێ حەمەی برای بکاتە قەڵاندۆشانی، دە لی:

ـ رۆڵە شیرینەکەم سارا گیان، ڕاکشێ و وەنەوزێک بدە.

سارا لە پەنای گەرمای لێو تەنوورەکەدا بۆی لاردەبێتەوە و هەزارسال. پوورامین لە بەر بەرۆچکەی دەرکی خۆیاندا، دانیشتوە. قەت لە ژیانیدا هیندە شاد و بەشاش و بە کەیف و سەر حال نەبووە. خۆی بە خۆی دەڵێ :

ـ کاشکی منیش وەک برێک لە دراوسێکانم پەز و پاتالم هەبا، تا ئیستا گیسکێک یان کاوڕێکم سەربریبا. بریا ئەو رۆژەیشم بە چاوی خۆم دیبا، ئەحمەد گیانیش وەک برێک هاوسێ و هاورێیانی بە سەربرینی پەزێک، پەزیرایی لە میوان کردبا. نازانم ئیستا من چیبکەم چیان بۆ لێنێم تا ببێتە مایەی خۆشی و شانازی و سەرفەرازی تاقە کوڕ ەکەم.

⁂⁂⁂

# یادی «عەزیز نەسین»

## کاکە

عەزیز نەسین تەنزنووسی پایەبەرز، رۆژی جومعە ٧ی مانگی حەوتی (ژوئیە) ئەمسال، لە تەمەنی ٨٠ سالی‌دا، لە هوتێلێکی شاری «ئیزمیر» کوچی دوایی کرد و دلی ملیونان کەسی لە سەراسەری دنیادا خەمبار کرد. عەزیز نەسین نووسەریکی پیشرەو و سوسیالیست بوو و دلی گەرمی بو تەواوی بەش مەینەتانی کورەی عەرز لییدەدا. دنیای عەزیز نەسین سنوور هەلنەگر بوو و هەربۆیەش ئەو نەک تەنیا خوشەویستی ملیونان کەس لە تورکیا دابوو، بەلکوو ریزی خوشەویستەکان و هاورێیەکانی لە هەر پینج بەشی عەرز تێپەڕیبوو.

«نەسین» نووسەریکی بەدەربەستی کومەلایەتی بوو. ئەو بە قەلەمەکەی بەرەنگاری هەرجۆرە زولم و زۆری و نابەرابەری و حەق‌کوژیەک دەبووەوە. دژی نیزامی سەرمایەداری، ناسیونالیزم و رەگەزپەرستی و کونەپەرستی بوو و بیباک لە مەرگ و زیندان و ئەشکەنجە، گالتەی بە دەسەلاتداران و کونەپەرستانی چەکدار و بی چەک دەکرد و پیلانەکانیانی بو جەماوەری خەلک روون دەکردەوە. هەر وەک خوی ووتوویەتی، چیروکەکانی ئەو بو گریاندنی خەلک بوو، کەچی خەلکیان هێنایە پیکەنین. ئەو راستی‌یانەی «نەسین» دەیهێنانە سەر رووپەڕی کاغەز، ئەوەندە تالّ و جیگەی سەرسوورمانن، کە خوێنەر باوەڕ ناکا دنیا هێندە بەرئاوەژوو بێت و فێلّ و حوقەبازی و کلاّو لەسەرنان لەم نیزامەدا، ئەوەندە بەربلاّو و بی‌شەرمانە لە هەموو سووچەکانی ژیان‌دا خۆی بنوێنێ؛ هەر بۆیەش لە جیاتی گریان، دەداتە پرمەی پیکەنین. ئەو پیکەنینەی تەنزەکانی «نەسین» دەیخاتە سەر لێوی خوینەرانی چیروکەکانی، لە راستی‌دا پیکەنینی ئینسانە بەو نیزام و داب و نەریتە کومەلایەتیە ئەحمەقانە، کە ئینسان بێ ئەوەی خۆی ئاگای لێ بێت، ملی بۆ کەچ دەکات و کوت و بەندەکانی دەخاتە ملی!

«نەسین» لە پووچەل کردنەوەی درو گەورەکانی چینی دەسەلاتداری کومەل‌دا نووسەریکی لیهاتوو و بێ هاوتا بوو. ئەو بە سەری بەرزەوە راستیەکانی دەدرکاند. هەر لە سەر ئەم رووراستی و نەترسیەش، پێنج و سالّ و نیو کەوتە زیندان. بەلام هەرەشە و زیندان و ئەزیەت و ئازار نەک هەر «عەزیز نەسین»ی چاوترسێن نەکرد، بەلکوو توندتر و بیباک‌تر دژی نیزامی سەرمایەداری و مەلا و ژنرالەکانی راوەستا.

عەزیز نەسین خۆی باشتر لە هەموو کەسیک چیروکی ژیانی خوی هیناوەتە سەر کاغەز. ئیمە لە گەلّ رێز گرتن لە یادی ئەو، لەم ژمارەی «هانا» دا، «چیروکی ژیانم» لە نووسراوەکانی عەزیز نەسین‌تان پیشکەش دەکەین.

***

هەواڵنامەی کتێب

# چیروکی ژیانم

عەزیز نەسین

تەرجەمە: کاکە

باوکم لە یەکێک لە گوندەکانی ئاناتولی لە دایک بوو. لە تەمەنی سیزدە سالی دا هاتە ئیستەمبول و لە گەل دایکم کە ئەویش هەر خەلکی گوندیکی ئاناتولی بوو، زەماوەندیان کرد. هەر دەلیی مەجبوور بوون کە بو دروست کردنی من ئەو ریگە دوور و دریژە ببرن.

بە هوی ئەوەی کە هەلبژرادنی کات بە دەس منەوە نەبوو، لە ناخوشترین هەل و مەرجدا، واتە لە یەکی لە روژەکانی خویناوی شەری جیهانی یەکەم لە سالی **١٩١٥**، لە دایک بووم. دیسانەوە چون من مافی هەلبژاردنی شوینیشم نەبوو، لە شوینیکی دەولەمەندنشینی ئیستەمبول واتە لە جەزیرەی «هەیبەلی»دا پیم نایە دنیا. ئەم جەزیرەیە تەقریبەن شوینی هاوینەواری چینی دەولەمەند و ئەعیان و ئەشرافی تورکیەیە. بەلام بە هوی ئەوەی کە دەولەمەندەکان بە بی هەژاران گوزەرانیان ناکری، بنەمالەی هەژاری وەکوو ئیمە لە دەوری خویان کۆدەکەنەوە و لە گەل کێشانی شیرەی ژیانیان پاروەنانیکی بخۆ ومەمریان دەدەنێ.

مەبەست لەم ووتانە ئەوە نیە کە بلیم مروڤیکی بەدشانس بووم. بە پیچەوانە، بە لەدایک بوونم لە بنەمالەیەکی هەژار کە نەوەد لە سەدی خەلکی وولاتەکەمان دەگریتە بەر، شانازی دەکەم. نیوم نرا «نصرت» کە لە عەرەبیدا مەعنای «یاریدەدەر»ی هەیە. بە قەولی خویان من «یاریدەدەر»یک بووم کە لە لایەن خواوە پیشکەش بە دایک و باوکم کرابووم. ئەو نێوە بە راستی پر بە پیستی خوم بوو! لە کاتیکا کەدایک و باوکم هیچ هیوایەکیان بە زیندوومانەوەی من و خویان نەبوو، تەواوی هیوایان بە خواوە گریدابوو.

«سپارت»ەکان لە کۆندا عادەتیان بوو کە منالە نەخوش و لاوازەکانیان لە ناوبەرن. بەلام لە بنەمالەی ئیمەدا، سروشت ئەم کارەی بە بێ دەردی سەر دەکرد. ئەگەر بە وردی بۆتان باس بکەم کە چلون چوار برای گیانبەختکردووم  بە دەس برسیەتیەوە هەلپرووکان و یەک بە دوای یەک گیانیان بە خوا بەخشی، ئەو کات تیدەگەن کەمن لە زیندوومانەوە دا چەندە گیانسەختم. بە پێچەوانەی من، دایکم دوای بیست و شەش سال ژیان بە سەر بردن، دنیای بێ بەقای بەجێهیشت.

هەر وەک دەزانن، تاجر لە وولاتانی سەرمایەداری دا دەحاویتەوە و نووسەر و چینی رووناکبیریش لە وولاتانی سوسیالیست دا. واتە ئەوانەی کە هونەری ژیان و زیندوومانەوە دەزانن ئەگەر نووسەرن لە وولاتانی سوسیالیستی دا و ئەگەر تاجرن لە وولاتانی کاپیتالیستی دا ژیان بە سەردەبەن. جا ئیوە خوتان دەتوانن هەر لەوە را پەی بە شێتی من ببەن کە من کاتێ کەزیاتر لە دە ساڵ نەبووم، لە وولاتیکی وەکوو تورکیە دا کە هەر لە بن را کاپیتالیزمێکی شێواو و تیکەڵ پێکەڵی هەبووە، هەوای نووسەری لە کەللەی دام. جا سەیر ئەوەبوو کە لە تەواوی بنەمالەی ئیمەدا تاقە کەسێکیش کە خویندن و نووسین بزانێ، دەست نەدەکەوت.

باوکم وەکوو هەموو باوکیکیتر کە چاکەی منالەکانی دەوێ، رووی کردە من و پێی ووتم:

« ـ رولەگیان، هەر لە ئیستاوە ملی ریگەیەک بگرە کە لە داهاتوودا نانێکی تیدابێ. لە من ببیسە و بیری نووسەری و شاعیری کە لە بێ بەشی و هەژاری هیچیتری تێدا نیە، لە سەر دەر کە!» کەچی لە بەختیرەش هێشتا قەلەم و کاغەزم نەگرتبووە دەست، خستمیانە مەکتەبی «نظام»ەوە. لە تەواوی ژیانم دا ئەوەی کە دەمەویست بیکەم بۆم نەکرا و ئەوەی کردم دوایی خوم لێی رازی نەبووم. دەمەویست ببمە نووسەر، بوومە سەرباز! هۆیەکەشی ئەوە بوو کە لەو سەردەمەدا منالانی خەلکی هەژار تەنیا دەیانتوانی لە مەکتەبی «نظام» دا ـکە شەوانەو روژی بوو. دەرس بخوێنن. لە سالی **١٩٣٣** دا کە هەلبژاردنی نێوی فامیلی(نێوی بنەماله ) بۆ هەموو کەس ئازاد کرا، کەم و کورِ بێ ئەندازەی هاوولاتیەکانم خۆی دەرخست. چاوچنۆکترین کەسی وولات نێوی فامیلیەکەی کرد بە «دەستئاواله»؛ ترسەنۆکترین کەس بوو بە «بە جەرگ» و تەمبەڵترین کەسی دنیاش نێوی فامیلیەکەی کردە «کارا». لە هەمووی ئەوانە گرینگتر ماموستاکەی ئیمە بوو کە بێجگە لە ئیمزای خوی نەیدەتوانی هیچیتر لە سەر کاغەز بنووسێ، کە چی نێوی فامیلی «خۆشنووس»ی لە خۆی نا! ئەو کاتیش هەر وەکوو ئەمرو، هەموو خەلک هەولیان دەدا بە هەلبژاردنی ناوی ئەوروپایی پیشکەوتوویی خویان پیشان بدەن. من لەو تالانە دا هیچم بەرنەکەوت و لە نێوی ئەوروپایی بێبەش بووم و ووشەی «نسین»م بۆ نێوی فامیلیم هەلبژارد. ئەمەش لە بەر ئەوە بوو کە کاتێ خەلک بەم نێوە بانگم دەکەن، بێمەوە سەرخۆ و بزانم لە دەور و بەرم دا چ خەبەرە.

سالی **١٩٣٨** بوومە ئەفسەری ئەرتەش، واتە «ناپلئۆن»ێکیتر لە دایک بوو. ئاخر هەموو ئەفسەرێکی گەنج خوی بە «ناپلئون» دەزانێ. لە هێندیکیان دا ئەم نەخوشیەی «ناپلئون»ەیە پاش ماوەیەک تەواو دەبێ و لە هێندیکیشدا تا ئاخری ژیان هەر دەمێنیتەوە. نەخۆشی خۆ بە «ناپلئون» زانین، لە وولاتی ئیمە نەخوشیەکی هەمەگیر و باوە. ئەوانەی تووشی ئەم نەخوشیە دەبن تەنیا سەرکەوتنەکانی ناپلئون دەبینن و شکستەکانی لە بیر خویان دەبەنەوە. دەستی راستیان دەخەنە نێوان دوگمەی کەواکەیان و لە کاتیک دا کە نەقشەی دنیایان لە بەردەمیان داناوە، بە خەتی سوور ئەو شوێنانەی داگیریان کردووە نیشان دەکەن و تازە ئەو دەم تێدەگەن کە دنیا چەندە بچووک بووە و ئەوان لێی بێ خەبەر بوون!

ئەم نەخوشیە زور جاریش یاوی توندی بە دواوەیە و ئەوانەش کە ورِینە دەگرن، خویان بە «تەیموورە شەل»، «چەنگیز»، «ئاتیلا»، «ئانیبال»، «مولتیلە» و تەنانەت «هیتلەر» نێو دەبەن. لە تەمەنی **٢٣.٢٤** سالی دا کە ئەفسەریکی گەنج بووم، هەموو رۆژێ لە بەیانیرِا تا ئیوارە سەدان جار دنیام دەگرت و لە سەر نەقشەی دنیا هێندێک نیشانەم دادەنا. ئەم نەخوشیە دوو سالی تەواو ئازاری دام و دوایی بە تەواوی ساغ بوومەوە.

لە سەردەمی منالی لەکاتی کایەکردن لە گەل هاوالەکانمدا، رۆلی نووسەرم بە ئەستۆوە دەگرت. بە هوی ئەوەی کە لە ئەرتەش دا هەموو بەشیک لە پیادە و مخابراتەوە بگرە هەتا چەکداری هەبوو بەلام بەشی نووسەری نێوی لە کوولەکەی تەریشدا نەبوو، وازم هینا و لە ئەرتەش هاتمە دەر. بەلام هەبوون کەسی وا کەدوای گەیشتن بە مەقامی ژنرالی دەستیان بە نووسەری و شاعیری دەکرد و بێجگە لە خویان سەری هەموو کەسیان لێ سوورِدەما. مەگەر خوا بزانێ کە کەسێک چۆن دوای رابوردنی**٥٠** سال لە تەمەنی، دەتوانێ دەس بە شیعر ووتن و ووتار نووسین بکات.

هەر لەو کاتەوە کە ئەفسەر بووم، دەستم کرد بە کاری نووسین و بە هۆی ئەوەی کە نەمدەتوانی نووسراوەکانم بە نێوی خۆمەوە بدەمە دەر، بە نێوی باوکمەوە، «عزیز نسین»، بلاوم دەکردنەوە. ئەم نێوە

دەستکردە، زۆر زوو ناوی راستەقینەکەمی لە زەینی خەڵک دا پاک کردەوە و بە تەواوی لەبیر چووەوە.

ئەو کات پێیان دەگوتم نووسەری گەنج. باوکم بەریشی سپی و پشتی کۆمەوە لە ئیدارەیەک دا کاری دەکرد. سەرەڕای ئەوەی کە هیچ کەس باوەڕی پێ نەدەکرد کە ئەو «عزیز نسین» بێ، جار جار تووشی دەردە سەریش دەبوو و تا ئاخر و ئوخری عومری نەیتوانی بیسەلمێنێ کە بە راستی ناوی «عزیز نسین»ە.

دوای ئەوەی کە کتێبەکانم وەرگێردرانە سەر زمانەکانی زیندووی دنیا، تووشی موشکیلەیەکی‌تر بووم. حەق دەستی نووسراوەکانمیان بە ناوی «عزیز نسین» بۆ من دەنارد و چونکوو ناوی راستەقینەی خوم «نصرت نسین» بوو، نەمدەتوانی پوولەکە لە بانک وەربگرم.

منیش وەکوو زوربەی نووسەران، نووسینم لە شیعرەوە دەست پێکرد. شاعیری پایەبەرز «ناظم حکمت» لە سەردەمی مانگرتنی‌دا شیعرەکانی منی خویندبووەوە و گوتبووی: «خراپ شیعر دەڵێ. باشتر وایە ببێتە نووسەر». ئەم ووتە بە نرخەی ناظم حکمت ڕاڕای ئەوەی خستە دلمەوە کە نەکا بەخیلی پێم بێت. هەڵبەت دەبێ بڵێم کە دەست هەلگرتنم لە شیعر و شاعیری بە هۆی رێزی زۆرم بوو بۆ شیعر و نەمدەویست شیعر بشکێنم. بە داخەوە لە وولاتەکەماندا زۆر شاعیرمان هەیە کە چون رێزیان بۆ شیعر نیە، دریژە بە شیعر ووتن دەدەن. ئەوەی باسم کرد، خوم ناگرێتە بەر! چونکە من هەر وەک لە نووسەری‌دا سەرکەوتوو بووم، لە شیعر و شاعیریش‌دا ناسەرکەوتوو نەبووم. هەلبەت ناودەرکردنی شیعرەکانی من بە هوی ئەوەوە بوو کە لە ژێر شیعرەکاندا ناوی ژنێک دەنووسرا کە لە راستی‌دا یەکێک لە نازناوەکانم بوو. تەنانەت بەو ناوە (کە ناوی ژن بوو) زۆر نامەی دلداریشم بە دەست گەیشت.

لە منالیەوە حەزم دەکرد بە نووسینی چیرۆکی درام و دلتەزێن. هەر بەم باوەڕەوە بە یەکەمین چیرۆکمەوە چوومە لای کومەلەیەک. سەرۆکی کومەلەکە کە دیار بوو زۆر ئاگای لە شێوەی نووسینی جۆراوجۆر نیە؛ لە جیاتی ئەوەی کە هۆڕ هۆڕ بگری، دای لە قاقای پیکەنین و ووتی:

- هەر بژی. دیسانیش لەم جورە چیرۆکانەمان بۆ بێنە.

بە تەواوی لە خۆم و کاری نووسین هیوابڕ بووم و ئیستاش کە ئیستایە هەستی ئەو رۆژەم لە بیر نەچووەتەوە. زوربەی ئەو چیروکانەی کە من بۆ گریاندنی خەلکم دەنووسین، وەپێکەنینی دەهێنان و بەم جۆرە من وەکوو تەنزنووس ناسێنرام. بەلام ئیستاش دوای چەندەها سال، نازانم تەنزنووسی چیە. تەنیا دەتوانم هێندێ شت کە لەو بارەوە دەیزانم بۆ ئێوە باس بکەم. هەڵبەت من وردە وردە بووم بە تەنزنووس. زۆر جار کە دوست و ئاشنا سەبارەت بە هونەری تەنزنووسین پرسیارم لی‌دەکەن، کورت و موختەسەر دەلیم: «تەنزنووسی سەختترین نەوعی نووسینە»!

لە سالی **١٩٤٥** دا بە هاوکاری دەولەتی کات و بە دەس هێندێ خەلکی دواکەوتوو کە ئیمە پێیان دەڵێین «کونەپەرست»، ساختمانی روژنامەکەم **«تان»** ویران کرا و تا ماوەیەکی زۆر کارم نەبوو. هیچ کام لە روژنامە و گوڤارەکانیش نووسراوەکانمیان وەرنەدەگرت و ناچار بووم بە زیاتر لە ٢٠٠ نازناو، بۆ روژنامە و گوڤارەکان بابەتی جوراوجور بنیرم. بابەتەکانی ئەو کاتم زیاتر سەرووتار، هەوالناردن، قسەی نەستەق و رومانی پولیسی و دلداری بوون. نازناوەکانم تا ئەو کاتە بە کار دەهاتن کە سەرنووسەرەکان نەیانزانیبا ئی منە. هەر کە ئەوان بەوەیان دەزانی، منیش ناچار دەبووم نازناویکی‌تر بو خوم هەلبژیرم.

زوریک لە نازناوەکانی من بوونە هوی هەڵەی زور. بو وینە، رومانیکی بچووکم بو منالان نووسی بە

هەواڵنامەی کتێب

نازناوی «ئەو» و «ئاگر» کە نیوی دوو کوڕەکانم بوو. ئەم کتیبە زور زوو نیوی دەرکرد و لە باخچەی منالان و مەدرەسەکاندا دەرسیان لە روو دەگوتەوە. کومەلەی ژنان کە روژنامەیەکی سەربەخوی هەبوو، لە ناکاو لە گەل ژنێکی**٤٠** سالە کە گوایە نووسەری رومانەکە بوو، ووت و ویژیکی بلاو کردەوە و بەم جورە خەلکیکی هەرچی زیاتر سەبارەت بە رومانەکە ئاگادار کرانەوە.

بیجگە لەوە، ووتاریکم بە نازناویکی فەرانسەییەوە نووسی کە لە ماوەیەکی زور کورتدا نیوی دەرکرد و وەکوو نموونەیەکی تەزنووسی فەرانسە، لە پیشانگایەکدا خویندرایەوە. یان ووتاریکم بە نازناویکی چینی نووسی کە ئەویش وەکوو نموونەیەکی تەزنووسی چینی نیوی دەرکرد. هەلبەت ئەو ماوەیەی کە نەمتوانی لە ریگەی نووسینەوە خەرجی منالەکانم پەیدا بکەم، دووکانی عەتاری، خواردەمەنی و عکاسیم دانا. ماوەیەکیش وەکوو حیسابدار لە شەریکەیەکدا کارم کرد بەلام زوو تیگەیشتم کە ئەم کارانە بە من ناکرین.

بە هوی هێندێ لە نووسراوەکانمەوە پینج سال و نیو زیندانی کرام. شەش مانگی ئەم زیندانە لە سەر نووسینی ووتاریکی توند سەبارەت بە مەلەک فاروق شای میسر و سەروکیکی وولاتیکیتر بوو. لە لایەن سەفیرەکانیانەوە پولیسیان خستە شوینمەوە و زیندانیان کردم.

لە هاوسەری یەکەمم دو منال و لە هاوسەری دوهەمیشم دومنالم هەیە کە سەرجەم دەبنە چوار. کاتێ کە بۆ جاری یەکەم لە سالی **١٩٤٧** دا لە لایەن پولیسەوە گیرام، شەش روژ لە سەر یەک دەیان پرسی:

ـ نێوی راستەقینەی ئەو کەسەی کە نووسراوەکانی بەم هەموو نازناوانەوە بلاو دەبنەوە چیە؟

باوەرم پێ بکەن کە پولیس دلنیا نەبوو کە من خوم ئەو هەموو شتەم نووسی بێ. دوو سال دواتر، شتەکە بە پێچەوانەی لێهات. ئەمجار پولیس هەر نووسراوەیەک کە نێوی نووسەرەکەی ئاشکرا نەبوایە بە مل منیدا دەهینا و وای لیهاتبوو کە ماوەیەکی زور ناچار بووم بە تەواوی هیز و تواناوە لە هەولی سەلماندنی ئەوە دابم کە فلان نووسراوە هی من نیە، یان فلان نووسراوە هی منە. تەنانەت جاریک **١٦** مانگ خرامە زیندان، بە هوی ئەوەی کە هیندێ کەس لە رووی دوژمنایەتیەوە شاهیدیان دابوو کە نووسراوەیەکی تایبەت هی منە!

لە کاتی زەماوەندی یەکەممدا من و هاوسەرەکەم لە ژێر شمشێری هەڵکێشراوی هاورییانی ئەفسەرمدا پیاسەمان کرد. بەلام لە گەل هاوسەری دوهەمم لە پشت میلەکانی زیندانەوە ئالقەی دەزگیرانیمان لە ئەنگوستی یەکتر کرد. بەر لەوەی بچمەزیندان، لەر و لاواز بووم بەلام بە هۆی ئەوەی کە لە زینداندا بێجگە لە خورادن و خەوتن کاریکم نەبوو، زور زوو قەلەو بووم.

سالی **١٩٥٦** لە موسابقەی تەنزنووسی لە ئیتالیادا بەشداریم کرد و میدالی زێرم وەرگرت. لەو روژە بە دواوە تەواوی ئەو روژنامە و گوڤارانەی کە بە هیچ جۆر رازی نەدەبوون نووسراوەکانم بە نیوی راستەقینەی خۆمەوە بلاو بکەنەوە، ڕایان گەیاند کە ئامادەن نێوی راستەقینەم بنووسن. بەلام زۆری نەخایاند کە دیسانەوە نێوم لە روژنامەکاندا وون بووەوە و مەجبووریان کردم کە لە سالی **١٩٥٧** دا دیسان میدالی زێر وەرگرم! دوای ئەوە هەمیسان نێوم لە روژنامە و گوڤارەکاندا هاتەوە دی. لە سالی **١٩٦٦**یش دا لە موسابقەیەکی تەنزنووسی لە بولغارستان، بەشداریم کرد و «جشکی زێر» کە هی نەفەری یەکەم بوو بە من گەیشت. کاتێک کە لەسالی **١٩٦٠** دا سیستەمی حکوومەتی تورکیە هێندێک ئالٚ و گۆڕی بە سەر داهات، لە خۆشیان قوشقی بووم و یەکیک لە میدالە زێرەکانم پیشکەش بە خەزنەی دەولەت کرد. بەلام هەر بە دوای ئەم کارەمدا، دیسان خستمیانەوە زیندان. بەلام میدالی زێری دوهەم و «جشکە زێرەکەم» بۆ روژی تەنگانە هەلگرتوون.

زۆر کەس پێی سەیرە کە تا ئێستا توانیومە زیاتر لە دوو هەزار چیروک بنووسم. بەلام هیچ سەیر نیە. ئەگەر بنەماڵەکەمان لە جیاتی دە کەس، بیست کەس بووایەن، دلنیام کە تا ئێستا زیاتر لە چوار هەزار چیروکیشم دەنووسی. نووسراوەکانم بە **٢٣** زمان و کتیبەکانم بە **١٧** زمانی ئەمرۆی دنیا تەرجەمە کراون و شانۆکانیشم لە حەوت وولات پیشان دراون.

تەنیا دوو شت لە هەموو کەس دەشارمەوە: یەکەم، ماندوویی و دووهەم، تیگەیشتوویيم! گەنجتر لە تەمەنم دێمە بەر چاو. هویەکەشی ڕوونە: بە هۆی کاری لە ڕادە بەدەر، فرسەتم نەبووە بژیم، هەر بۆیەش وەکوو خۆم ماومەوە!

ئەگەر جارێکیتر لە دایک ببمەوە، ئەوەی لە ژیانی یەکەمدا کردوومە، سەر لە نوێ بەلام بە باشترین شێوە دووپاتیان دەکەمەوە. ئەگەر ئینسانیکی نەمر هەبوایە، منیش نەدەمردم. بەلام هەر وەک دەزانن کەسێکی وا لە دنیادا نیە و نەبووە و خەتای نەبوونی ئەویش بە ئەستۆی منەوە نیە؛ چون منیش هەر وەکوو هەموو کەس سەفەریم.

ئینسانم لە ڕادەبەدەر خۆش دەوێ و هەر بە هۆی ئەم خوشەویستیە زۆرەوە، جار جار لێیان تووڕە دەبم. چیروکی ژیانی من لێرەدا کۆتایی نایە؛ بەلام دەزانم کە خوینەرانی خوشەویست، دریژەدادڕییان پیخۆش نیە و ماندوویان دەکا. هەر بۆیە چیرۆکەکەم بە تەواوبوو دادەنێم؛ بەلام دلنیام کە ناتوانم بزانم ئاخر و عاقیبەتی ئەم چیروکە دەگاتە کوێ.

***

هەواڵنامەی کتێب

## بەرهەمی تازە:

### * ئاهەنگی ئازادی و ئەڤین

- کومە لە شیعر
- کاکە
- چاپی یە کەَم ١٩٩٥
- ئینتشاراتی هانا، سوئێد.

شیعرەکانی ئەم کومەڵە شیعرە سێ بەشن «سروود» ، «خوشەویستی» و شیعری کومەلایەتی بە گشتی. زوربەی شیعرەکانی ئەم کومەلە شیعرە بەر لە سالی ١٩٨٥ نووسراون. کومەلە شیعرەکە ١٠٤ لاپەرەیە و قیمەتی بێ پارەی پۆست ٥٠ کروَنی سویدە.

### * ئاو و هەتاو

- کومە لە شیعر بو مناڵان
- کاکە
- چاپی یە کەَم ١٩٩٥
- ئینتشاراتی هانا، سوئێد.
- تەرح، ویدا عزتپوور

کومەلێک شیعر و سروود بو منالان لە ٤٤ لاپەرە دا لە گەل ١٤ تەرحی جوان. بابەتی شیعرەکان کایەی منالان، ئاموژگاری کومەلایەتی و ریزگرتن لە مروڤە. نرخ بە پارەی پوستەوە لە ئەوروپا ٥٠ کرونی سویدە.

### *چیروکی جوان (٢)

- چیروک بومنالان
- و . سوتەیەف
- ریبوار کردوویە بە کوردی
- رەسمەکان : عەلی رەزا وەرزەندە

بەشی دووهەمی کومەلە «چیروکی جوان» ریبوار کردوویە بە هونراوەی کوردی. بەشی دووهەم سێ چیروکی کورتی تیدایە. رەسمەکان سێ رەنگن. نرخی ئەم کومەلە چیروکە بە پارەی پوستەوە لە ئەوروپا ٦٠ کروَنی سویدە.

ئەم کتیبانە دەتوانن بەم ئادرەسە داوا بکەن:

HANA
Box 6040
424 06 Angered
Sweden

ژمارەی حیسابی پوست جیرو: 608345-5

هەواڵنامەی کتێب